NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

بڵاوکراوەکانی
ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان
ژمارە (16)

# پارێزگای سلێمانیو نوێنەرانی

## لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ڕاپۆرتی یانزەیەم

چالاکی – بەدواداچوون - هەڵسەنگاندن

2025/9/30 — 2024/10/1

بڵاوکراوەکانی

ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان:

ژمارە: ١٦

# پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی

**لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

## ڕاپۆرتی پانزەیەم

## چالاکی – بەدواداچوون - هەڵسەنگاندن

٢٠٢٥/٩/٣٠ — ٢٠٢٤/١٠/١

لەگەڵ پاشکۆی تایبەت بە:

- نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٢٠٢١-٢٠٢٥.
- پووختەی کارنامەی هەڵبژاردنی لیستەکان بۆ خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
- ئەنجامی دەنگدان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی.

## بێبەرامبەر دابەشدەکرێت


### پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی

- ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
- سەرپەرشتیاری گشتی: ئارام کەمال
- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: ئاواز سەلیم عبدالله
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- ساڵی چاپ: ٢٠٢٦
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٢٠١١) ساڵی (٢٠٢٦)ی پێدراوە.



مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان


**پەسەندکراوی ئەنجومەنی باوەڕپێکراوانی**

**(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)**

## تیمی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان:

ئاواز سەلیم عەبدوڵا

**سەرۆکی ڕێکخراو**

ئارام کەمال

**بەڕێوەبەری پڕۆژە**

پەروەر ئیبراهیم

**ڕێکخەری پڕۆژە**

عومەر محمد علی

**ژمێریاری پڕۆژە**


**ناونیشان:-**

سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- باڵەخانەی فیردەوس
بەرامبەر گوندی ئەڵمانی - نهۆمی (٣) - شوقەی ژمارە (٣)

**پەیوەندیکردن:**

ئیمەیڵ: kurdistanbohamwan@gmail.com
پێگەی ئەلکترۆنی: www.keodd.org
فەیسبووك: kurdistanforeveryone
مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٠٩٧٦٥ - ٠٧٧٢٥١١٨٧٠٠

(رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)

سوپاسی ئەم بەرێزانە دەکات. کە لە سەرخستنی ئەم پرۆژەیەدا رۆڵی بەرچاویان هەبوو:

- نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- (ئامانج عەزیز) بەرێوەبەری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان/ سلێمانی
- نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.
- نووسینگەی هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
- (د. بەختیار عەبدوڵا کەریم) راوێژکاری رێکخراوی (NED) لە هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق.
- بەرێوەبەران و سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە بەشداربوون لە چالاکییەکانی پرۆژەکەدا
- کەناڵەکانی راگەیاندن، کە بەردەوام ئامادەییان هەبووە لەرووماڵکردنی چالاکییەکاندا پرۆژەکەدا.

## ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

ڕێکخراوێکی سەربەخۆی بێلایەنی ناحکومی قازانج نەویستە، تایبەتە بە کایەو پرسە دیموکراتیەکان.

## دروشم:

دیموکراتیەتێکی تەندروست...ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات، فەرمانڕەواییەکی بەرپرس لەبەردەم هاووڵاتیان دا.

## دید:

ئاڵوویرکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای دەنگی هاووڵاتیان، پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و پاراستنی فرەیی.

## بوارەکانی کارکردن

١. ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجاکاندا.
٢. ئەنجامدانی سیمینارو کۆنفرانس لە بورای جیاجیادا.
٣. ئەنجامدانی ڕاهێنان خولی بەرزکردنەوەی توانستی بۆ دەزگاو دامەزراوو ڕێکخراوەکان.
٤. چاودێریکردن وبەدواداچوونی شێوازو توانستی جێبەجێکردن لە دامەزراوە میری و هەڵبژێردراوەکاندا..

ساڵی (٢٠١٤) تۆمارکراوە بە ژمارە (١٦,٢.ك) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان.

ساڵی (2021) تۆمارکراوە بە ژمارە (1C210006) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عێراق

- ئەرکی سەرەکی نوێنەر نوێنەرایەتیکردنی خەڵکە لە ئەنجومەنی نوێنەران.
- هەموو هاووڵاتییەک مافی ئەوەی هەیە هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراو بکات.
- کاری نوێنەرایەتی کارێکی خێرخوازی نییە، هەتا خاوەنەکەی نەیەوێت، خەڵکی لە نوێنەرایەتی کردنەکەی ئاگادار بن.

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٩ |
| بەشی یەکەم/ چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) | ١٣ |
| بەشی دووەم/ ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | ٢٥ |
| پووختەی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی/ ساڵی چوارەم | ٢٩ |
| بەشی سێیەم/ ژمارەی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی/ ساڵی چوارەم | ٣٨ |
| چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردن | ٤٣ |
| بەشی چوارەم/ هەڵسەنگاندنێک بۆ ساڵی چوارەمی/ بەجێگەیاندن (الاداء)ی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی/ ساڵی چوارەم. | ٤٩ |
| بەشی پێنجەم/ تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ (٢٠٢١- ٢٠٢٥) | ٦٤ |
| نوێنەرایەتی ژنانی پارێزگای سلێمانی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢١ - ٢٠٢٥) | ٨٢ |
| مژدەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و چاوەڕوانی هاووڵاتیان بۆ بەدیهاتنیان!!! | ٩٢ |
| پاشکۆکان | |
| پاشکۆی ژمارە (١)/ لینکی پەڕەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک) | ٩٨ |
| پاشکۆی ژمارە (٢)/ چەند زانیارییەکی گشتی سەبارەت بە خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: ٢٠٢١ - ٢٠٢٥ | ٩٩ |
| پاشکۆی ژمارە (٣)/ چاودێریکردنی کارنامەو بەڵێنی لیستەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا. | ١٠٣ |
| پاشکۆی ژمارە (٤)/ پاشکۆی تایبەت بە پووختەی کارنامەی لیستە سەرکەوتووەکان. | ١١٣ |
| پاشکۆی ژمارە (٥)/ ئەنجامی کۆتایی دەنگدان لەسەر ئاستی بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی. | ١٢٧ |
| تایبەت بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | ١٣٣ |
| القسم العربي | ١٤٧ |
| پاشکۆی وێنەکان | ١٩٦ |
| بڵاوکراوەکانی رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان | ٢٢٣ |

# پێشەکـــی

خوێنەری بەڕێز، ئەم راپۆرتەی بەردەستت، یانزەیەمین راپۆرتی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)ە کە بەهاوکاری رێکخراوی (NED)ی ئەمریکی بڵاوکراونەتەوە، بەئامانجی ئاشناکردنی هاووڵاتیان و دەنگدەران و پارتە سیاسیەکان لە ئاستی بەجێگەیاندن(الاداء)ی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

بەهۆی راگرتنی کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق لە (٢٠٢٣/٩/٢٤)، هیچ چالاکییەکی ئەنجامنەداوەو (هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە) چارەنووسی ئەنجومەنەکان نادیارە.

لەم راپۆرتەدا هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی بەجێگەیاندن (الاداء)ی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ماوەی (٢٠٢٤/١٠/١ – ٢٠٢٥/٩/٣٠)کراوە، لە روانگەی دەستوری هەمیشەیی عێراق و یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی.

بەشێکی دیکەی راپۆرتەکە تایبەتە بە چالاکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەماوەی چوار ساڵی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٠٢٢/١/٩- ٢٠٢٥/٩/٣٠)

نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی چوارەمی نوێنەرایەتیاندا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەنێو تەلاری ئەنجومەنی نوێنەراندا چییان کردووە؟ لە دەرەوەی تەلاری ئەنجومەنی نوێنەرانیش چییان کردووە؟ ئەوەی دەست تیمی پرۆژە گەیشتبێت، لەم راپۆرتەدا بڵاوکراوەتەوە.

لەئامادەکردنی راپۆرتەکانی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، هەروەک نەریتێکی ساڵانە چەند نوێنەرێکی پارێزگای سلێمانی هەوڵیاندەدا راپۆرتەکە لە ئاڕاستەی بێلایەنی دووربخەنەوەو

مەرجی وەڵامیان بۆ تیمی پرۆژە ئەوەبوو، کەلە راپۆرتەکەدا رەخنەیان لێنەگیرێت و باس لە چالاکییەکانیان نەکرێت، یان راپۆرتەکە لەبەرژەوەندی ئەواندا بنوسرێت.

بەڵام تیمی پرۆژە بەهیچ جۆرێک لایەنگیری هیچ فراکسیۆن و نوێنەرێکی نەکردووە، ئەوەی کردوویەتی کارێکی پیشەییانەی سەربەخۆ بووە لەچوارچێوەی بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، خۆشبەختانەش لەماوەی ئەم خولەشدا هیچ نوێنەرێک بەڵگەیەکی روون و حاشا هەڵنەگری دەستنەکەوت بۆ سەلماندنی لایەنگیری ئێمە.

ئێمە خۆشحاڵدەبین نوێنەران خۆیان راپۆرتی ساڵانەی کاری خۆیان بۆ رایگشتی بڵاوبکەنەوە لە (ژمارەی تێچین (مداخلە)کانیان، نوسراوی وەڵامدراوەیان، ناوەڕۆکی چەند نوسراویان جێبەجێکراوە؟ چەند بڕیار و رێکاری پێویست لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە لەسەر بەدواداچوونەکانی ئەاون گیراونەتەبەر؟ چەند بەرپرسی کەمتەرخەم و گەندەڵیان دایە دادگا؟ کام لە بەڵێنەکانی هەڵبژاردنیان جێبەجێکرد؟ ئەگەر پێوەرکانی هەڵسەنگاندن و میکانیزمی کۆکردنەوەو پۆلێکردنی چالاکییەکانی نوێنەران لەراپۆرتەکانماندا هەڵەن....

ئەگەر راپۆرتەکانی ئێمە زانیاریەکانی دروست نین بفەرموون بەرێزتان خۆتان ئەو زانیاریانە بۆ رای گشتی بخەنەڕوو.

لەم چەند ساڵەی دواییدا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دووچاری چەندین فشارو رێگریکردن بوونەتەوە بە ئاستی جیاواز چ لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە، چ لەلایەن ئەو حیزب و کەسایەتیانەی لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندان.

رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەدەبێت سەر بە دەسەڵات بن و نەدەبێت سەر بە ئۆپۆزیسیۆن بن، بەڵکو دەبێت بێلایەن و بابەتیانە

کاربکەن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەزگای ڕاگەیاندنی هیچ حیزب و کەسێک نین و ئەرکی ئەوان نییە بەشان و باڵی ئەم و ئەودا هەڵبدەن و کاریشیان شکاندنی هیچ حیزب وکەسێک نییە، بەڵکو ئەوان وەک ئاوێنە ئەوەی دەیبینن بۆ ڕایگشتی دەخەنەڕوو، زۆرجار بەشێک لە دەسەڵات ڕێکخراوەکان بە لایەنگیری بۆ حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن یاخود نەیاری خۆیان تۆمەتبار دەکەن، بەهەمان شێوەش بەشێک لەو حیزبانەشی کە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندان، ئەگەر راپۆرتەکانی (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) بەدڵی ئەوان نەبوو ئەوا هەرزوو بە داردەست و لایەنگیری دەسەڵات ڕێکخراوەکە تۆمەتبار دەکەن، ئەمەش مەترسییەکەو پێویستی بەهەڵوێستە لەسەرکردنە.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەم ڕاستییەیان بەخەڵک گوتووە کە لایەنەکان بانگەشە بۆ گۆڕانکاری و ژیانێکی شایستە بۆ هاووڵاتیان دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا گۆڕانکاریەکان تەنها لە دەمووچاوەکاندا دەکرێن و ژیانی شایستەش هەر بۆ براوەکان و هەڵگرانی پۆستی نوێیە، نازانین ئەو خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانیە کامانەن کە پێشکەشی هاووڵاتیان کراوە؟ بەردەوامی زیاد بوونی قەیرانەکان بەڵگەیەکی ڕوونن لەسەر ئەم بابەتە.

**بە ئومێدی سەرکەوتنی هەمووان**

ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

٢٠٢٥

# بەشی یەکەم

## چالاکییەکانی پرۆژەی

# بەشی یەکەم

## چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)

## تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە

## (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) ساڵی چوارەم - خولی پێنجەم

(٢٠٢٤/١٠/١ -٢٠٢٥/٩/٣٠)

(رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لەساڵی چوارەمی نوێنەرایەتیکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، چەند چالاکییەکی لەچوارچێوەی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)دا ئەنجامدا، وەک لەم خشتەیەی لایخوارەوە خراونەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (١)

پووختەی چالاکییەکانی پرۆژەی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی (٢٠٢٤/١٠/١ - ٢٠٢٥/٩/٣٠)

| ز | چالاکی |
|---|---|
| ١ | ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی دەیەمی (پارێزگاری سلێمانی و نوێنەرانی) تایبەت بە ساڵی سێیەمی نوێنەرایەتی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |
| ٢ | ئامادەکردن و پێشکەشکردنی (١٠) دە بەرنامەی ڕادیۆیی ڕاستەوخۆ. |
| ٣ | سەردانیکردنی تیمی پرۆژە بۆ ژمارەیەک لەفەرمانگە فیدراڵیەکان، بۆ بەدواداچوونی ئەو بەڵێنانەی لەلایەن نوێنەرانەوە پێیاندرابوو. |
| ٤ | سەردانیکردنی هەردوو نووسینگەی سلێمانی و هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. |
| ٥ | سەردانیکردنی نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی. |
| ٦ | ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێبەری نوێنەرانی کارا بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان. |
| ٧ | چاودێریکردنی کارنامەو بەڵێنی لیستەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا. |

## یەکەم/ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی دەیەمی (پارێزگاری سلێمانی و نوێنەرانی).

لەکۆتایی هەموو ساڵێکدا، (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لەچوارچێوەی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)دا، راپۆرتێکی تایبەت بە (چالاکی و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون) لەسەر نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، ئامادە دەکات و لە مەراسیمێکی تایبەتدا بە

ئامادەبوونی ژمارەیەک لەنوێنەران و کەناڵەکانی راگەیاندن، ناوەڕۆکی راپۆرتەکە دەخاتەڕوو.
دواتریش بەگوێرەی پلانێک راپۆرتەکە دابەشدەکرێت بەسەر (لایەنە سیاسییەکان، زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان، کەناڵەکانی راگەیاندن، دامەزراوە حکومییەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، کۆمەڵە و سەندیکاکان، ....هتد).
لە(٢٠٢٤/١٢/٢٥)دا راپۆرتی دەیەمی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) بڵاوکرایەوە، لەمەراسیمەکەدا دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ئەم نوێنەرانەی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) ئامادەبوون.

خشتەی ژمارە (٢)
نوێنەرانی ئامادەبووی مەراسیمی بڵاوکردنەوەی راپۆرتی دەیەم

| ز | نوێنەر | فراکسیۆن |
|---|---|---|
| ١. | بریار رەشید شەریف | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٢. | دارا حمه احمد | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |

## دووەم/ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی (١٠)بەرنامەی ڕادیۆیی ڕاستەوخۆ.

ئەزموونی ساڵانی رابردوو سەلماندوویەتی کە بەرنامەکان ئامرازێکی باشن بۆ بەردەوامیدان بە پەیوەندی نێوان نوێنەری هەڵبژێردراو و هاووڵاتیان، هاووڵاتی دەتوانێت راستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرەکەیدا گفتوگۆ بکات، لەبەرنامەکانی ئەمساڵیشدا (١٠) نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە

(ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بەشداری بەرنامەکانیان کردو زیاد لە (٥٠) تەوەر گفتوگۆیان لەسەرکرا. بەرنامەکان هەفتانە لە (رادیۆی نەوا)وە پەخشکران، هاوکات لەسەر هەردوو پێگەی ئەلیکترۆنی (رادیۆی نەوا https://www.radionawa.com/Ku/show-detail.aspx?jimare=145) و (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان www.keodd.org) پەخشدەکران.

خشتەی ژمارە (٣)

بەرنامە رادیۆییەکانی تایبەت بە (نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)

| ژ | رێکەوت | نوێنەری بەشدار | فراکسیۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٢٥/١/٢١ | شوان محەمەد رۆستەم | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٢ | ٢٠٢٥/١/٢٨ | ئاسۆ فەرەیدون عەلی | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٣ | ٢٠٢٥/٢/٤ | سۆران عمر سەعید | کۆمەڵی دادگەری کوردستان |
| ٤ | ٢٠٢٥/٢/١١ | موسەننا ئەمین نادر | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |
| ٥ | ٢٠٢٥/٢/١٨ | ئاریان عەزیز تاوگۆزی | جوڵانەوەی نەوەی نوێ |
| ٦ | ٢٠٢٥/٢/٢٥ | بریار رەشید شەریف | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٧ | ٢٠٢٥/٣/٤ | دارا حمە احمد | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |
| ٨ | ٢٠٢٥/٣/١١ | چرۆ حەمە شەریف | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٩ | ٢٠٢٥/٣/١١٨ | کاروان علی یارویس | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ١٠ | ٢٠٢٥/٣/٢٥ | مۆفەق حسێن قادر | جوڵانەوەی نەوەی نوێ |

## سێیەم/ سەردانیکردنی تیمی پرۆژە بۆ فەرمانگە فیدراڵییەکان

بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ دەرەنجامی ئەو بەڵێن و راسپاردانەی لەگفتوگۆکراوەکاندا کەلەلایەن (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)ەوە ئەنجامدران، لەم ساڵیشدا تیمی پرۆژە، بۆ دڵنیابوونەوە لەهەوڵی نوێنەران لە چارەسەرکردنی کێشەکان و گەیاندنی

داواکارییەکان بە دامەزراوە گشتییەکانی عێراق، سەردانی ژمارەیەک لە فەرمانگە فیدراڵییەکانی کرد، لە ئاکامی بەدواداچوونەکاندا دەرکەوت کە ژمارەیەک لەنوێنەران داواکاریی فەرمانگەکانیان گەیاندۆتە دامەزراوەکانی حکومەتی ناوەندی، بەڵام (هەتا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە) زۆر لەکێشەکان چارەسەرنەکراون. هاوکات بەشێکی دیکە لەنوێنەران وەک پێویست بەدواداچوونیان بۆ کێشەکان نەکردووە.

## چوارەم/ سەردانیکردنی هەردوو نووسینگەی (سلێمانی و هەڵەبجە)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

بەمەبەستی بەردەوامیدان بە هەماهەنگی زیاتر لەنێوان (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) و (هەردوو نووسینگەی سلێمانی و هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، لەم ساڵیشدا تیمی پرۆژە سەردانی ئەو نووسینگانەی کردووە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەهەوڵی هەموولایەک، کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان بکرێت، کە بەئاسانترین شێوە دەنگیان بگاتە نوێنەرەکانیان. لە ماددەی (١٥٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا هاتووە: (نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگاکان دەکرێتەوە بۆ مسۆگەربوونی پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و جەماوەر).

## پێنجەم/ سەردانیکردنی نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

لەسەرەتای ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بەشێک لە نوێنەران لەسنوری هەر (٥) بازنەکەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی، نووسینگەی تایبەت بەخۆیانکردەوە، جگە لە هەردوو نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا) و (سۆران عمر سعید)، نوێنەرەکانی دیکە هەرزوو نووسینگەکانیان

داخست، سالانەش تیمی پڕۆژە، سەردانی نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی دەکات.

پاش ئەوەی لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٤)دا نوێنەر (بریار رەشید شەریف) لە سنوری قەزای ناوەندی سلێمانی، نووسینگەیەکی تایبەتی کردەوە، تیمی پڕۆژە سەردانی نووسینگەکەیان کردو گفتوگۆ دەربارەی هۆکارەکانی کردنەوەی نووسینگەکە کرا.

## شەشەم/ ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان (www.keodd.org)

چالاکییەکی دیکەی پڕۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) بریتییە لە ماڵپەڕی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)، زۆرترین زانیاری لەسەر نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و بیروڕای نوێنەرانی تیادا بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش وەک دەروازەیەکی دیکە بۆ ئاشنابوونی هاووڵاتیان بە نوێنەرەکانیان، هەتا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، کۆی ژمارەی سەردانیکردنی هەواڵ و بەشەکان لە پێگەکە گەیشتوونەتە (١٠٩١٩١٣) یەک ملیۆن و نۆسەدو نۆزدە هەزارو سیانزە، سەردانیکردن. سەرجەم راپۆرتەکانی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لەسەر پێگەکە بەردەستن.( https://www.keodd.org/report ).

خشتەی ژمارە (٤)

خشتەی سەردانیکردن بۆ بەشەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

| ز | بابەت | سەردان |
|---|---|---|
| ١. | هەواڵ | ٨٧٢٣٦٧ |
| ٢. | گەلەری | ٧٠٢٣٤ |
| ٣. | یاساکان | ٦٠٩٠٢ |

| | | |
|---|---|---|
| .٤ | ڕاپۆرت | ٣٨٠٧٧ |
| .٥ | ڤیدیۆ | ٢٨٦٦٠ |
| .٦ | چارتەکان | ١٣٠٦٦ |
| .٧ | پەیڕەوەی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق | ٣٥٦٦ |
| .٨ | پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | ٢٩٤٨ |
| .٩ | بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | ٢٠٩٣ |
| کۆی گشتی | | ١٠٩١٩١٣ |




## حەوتەم/ ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێبەری نوێنەری کارا بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان

(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بەهەماهەنگی (نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، ڕێبەرێکی بەناونیشانی (ڕێبەری نوێنەری کارا بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان: ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکان) بڵاوکردەوە.

ڕێبەرەکە دەرەنجامی (١٠) دە ساڵ کارکردنی ڕاستەوخۆو بەردەوامە لەگەڵ (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، هەروەها چاودێریکردنی ناڕاستەوخۆی

پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەگشتی و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانە.

ڕێبەرەکە هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی پێگەو ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، ڕێبەرەکە شانبەشانی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراو دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ (حیزبە سیاسیەکان، لیستەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن، کاندیدەکان)، تەنانەت هاووڵاتیان و دەنگدەران بۆ دیاریکردن و هەڵبژاردنی نوێنەری کارا، بەپێویستی دەزانین، سوپاسی هەریەکە لەو بەڕێزانە بکەین کەهاوکارو هەماهەنگ بوون، لە ئامادەکردنی ڕێبەرەکە:

- ئاری سەلاحەدین/ لێپرسراوی نووسیگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێەرانی عێراق.
-مافناس/ صالح سعید/ لێپرسراوی هۆبەی یاسایی نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە ئەرکی پێداچوونەوەی یاسایی ڕێبەرەکەی لەئەستۆگرت.
- بابان جەعفەر/ چالاکوانی مەدەنی کە ئەرکی نووسینی پێشەکی و پێداچوونەوەی ڕێبەرەکەی بەجێگەیاند.

لە(٢٠٢٥/١١/٦)داو لەمەراسیمێکدا و بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە کاندیدان و چالاکوانان و نوێنەرانی نووسینگەکانی هەڵبژاردنی حیزبە سیاسییەکان و یاساناسان و...هتد، ڕێبەرەکە بڵاوکرایەوە. هەروەها ڕێبەرەکە لەلایەن تیمی پرۆژەوە بەسەر (لایەنە سیاسییەکان، زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، دامەزراوە حکومییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، کۆمەڵە و سەندیکاکان، ....هتد) دابەشکرا.

دەتوانن بۆ خوێندنەوەی ڕێبەرەکە، سەردانی ئەم بەستەرە بکەن: (https://www.keodd.org/detail/119656).

## هەشتەم/ چاودێریکردنی کارنامەو بەڵێنی لیستەکان لەبانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) چاودێری کارنامەو بەڵێنی لیستەکانی کردو ڕۆژانەش لەپەڕەو هەژماری ڕێکخراو لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چەندین بابەتی لەسەر کاندیدان و کارنامەی لیستەکانی بڵاودەکردەوە، لەم بوارانەداچاودێری بانگەشەی هەڵبژاردنەکە کرا:

- دەستەبەرکردن و خوێندنەوەی کارنامەی لیستەکان.
- تۆمارکردنی بەڵێنی کاندیدەکان.
- چاودێری شێوازی بانگەشەی لیستەکان.
- شیکردنەوەو پۆلێنکردنی زانیاری کەسی کاندیدەکان.

لە پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا زانیاری لەسەر چاودێری هەڵمەتی بانگەشەکە بڵاوکراوەتەوە. (بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣) ل (١٠٣))

# بەشی دووەم

- ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
- پووختەی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

(٢٠٢٥/٩/٣٠ – ٢٠٢٤/١٠/١)

# ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

پاش سوێندخواردن، کاندیدانی دەرچوو بەفەرمی دەبنە ئەندامی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەو بارەیەشەوە دەستوری عێراق (٢٠٠٥) و یاسای (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پێکهاتەکەی) ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەمووارکراو کۆمەڵێک دەسەڵات و ئەرکی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دیاریکردوون، نوێنەرانیش دەتوانن لەو چوارچێوە یاساییەدا ئەرکی خۆیان جێبەجێبکەن و دەسەڵاتەکان بەکاربهێنن، لەخوارەوەش بەکورتی ئاماژە بەئەرک و دەسەلاتەکانی نوێنەران دەکەینەوە.

## یەکەم/ ئەرک و دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەگوێرەی دەستوری ساڵی (٢٠٠٥)ی عێراقدا:

لە مادده(٦١)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: ئەنجومەنی نوێنەران ئەم کارانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە:

(یەكەم: دانانی یاسا فیدرالیەكان. دووەم: چاودێریكردنی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن. سێیەم: هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار. چوارەم: ڕێكخستنی پرۆسەی پەسەندكردنی پەیماننامەو ڕێككەوتنە نێودەوڵەتیەكان بە دانانی یاسایەك كە لەلایەن زۆرینەی ٢/٣ ی دەنگی ئەندامانەوە پەسەند دەكرێت. پێنجەم: نیشاندانی ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی هەریەك لە:

أ - سەرۆك و ئەندامانی دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدراڵی و سەرۆكی داواكاری گشتی و سەرۆكی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری بە زۆرینەی ڕەها، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دادوەری باڵا.

ب - باڵوێزو خاوەن پلە تایبەتەكان لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران.

ج - سەرۆكی ئەركانی سوپاو جێگرەكانی و ئەوانەی لە پلەی سەركردەی تیپ (فیرقە) و بەرەو ژوورترن، هەروەها سەرۆكی دەزگای هەواڵگری لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران.

شەشەم: أ - لێپرسینەوە لە سەرۆك كۆمار.

ب - بەخشینی سەرۆك كۆمار بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.

حەوتەم: أ - ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت پرسیار ئاراستەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەكان بكات لەهەر بابەتێكدا لە بواری پسپۆڕی ئەواندابێت و ئەوانیش هەموویان مافی ئەوەیان هەیە وەڵامی پرسیارەكانی ئەندامان بدەنەوە، تەنها ئەو كەسەش پرسیاری كردووە مافی ڕوونكردنەوەی هەیە.

ب - لانیكەم بیست وپێنج ئەندام لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆیان هەیە بابەتێكی گشتی بخەنەڕوو بۆ تاوتوێكردن بەمەبەستی ڕوونكردنەوەی سیاسەت و كاری ئەنجومەنی

وەزیران یان یەکێك لە وەزارەتەکان، بابەتەکەش پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەکان وادەیەك دادەنێن تا ئامادەبن لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکە.

ج - ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بە ڕەزامەندی بیست و پێنج ئەندام مافی ئەوەی هەیە بانگهێشتنامەیەك ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکات بۆ لێپرسینەوەیان لەو کاروبارانەی پەیوەندی بە پسپۆڕی ئەوانەوە هەیە، تاوتوێکردنەکەش ئەنجام نادرێت تاوەکو حەوت ڕۆژ تێپەڕ نەبێت بەسەر پێشکەشکردنی بانگهێشتنامەکەدا.

هەشتەم: أ - ئەنجومەنی نوێنەران مافی ئەوەی هەیە متمانە بکێشێتەوە لە یەکێك لە وەزیرەکان بە زۆرینەی ڕەها، وەزیرەکەش بە لەکارلادراو دەژمێردرێت لە بەرواری بڕیاری کێشانەوەی متمانەوە. نابێت ئەم بابەتە بخرێتە ڕوو تەنها لەسەر ڕەزامەندی خۆی نەبێت یان بە داوایەك کە واژووی پەنجا ئەندامی پێوەبێت، لەئەنجامی تاوتوێکردنی بانگهێشتەکە کە ئاڕاستەی کراوە، ئەنجومەنیش بڕیاری خۆی نادات لەسەر داواکە تاوەکو بەلایەنی کەم حەوت ڕۆژ تێپەڕ نەبێت بەسەر بەرواری پێشکەش کردنی داواکاریەکەدا.

هـ - ئەنجومەنی نوێنەران مافی بانگهێشتکردن و بەخشینی بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکانی هەیە لە ئەرکەکانیان بەگرتنەبەری هەمان ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ وەزیرەکان دەگیرێتەبەر بەزۆرینەی ڕەها.

## دووەم/ ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەگوێرەی (یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی)یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەمووارکراو.

### ماددەی (١٠):

دووەم: ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن و کۆبوونەوەکانی ئەو لیژنەیەی کە تێیدا ئەندامن .....

### ماددەی (١٥):

یەکەم: پەیوەندی و ئاڕاستەکردنی نووسراوەکانی ئەنجومەن، لەوانەش نووسراوەکانی ئەندامانی ئەنجومەن لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئەرکی یاسادانان و چاودێری و نوێنەرایەتیکردن (بەگوێرەی دەستوور و ئەم یاسایە و پەیڕەوی ناوخۆ)، بەنامەو نووسراوی فەرمی دادەنرێن و دەبێت دامەزراوە گشتییەکان لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە بەرواری وەرگرتنیانەوە وەڵامیان بدەنەوە.

### ماددەی (١٦):

یەکەم: پێویستە سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەت هاوکاری نوێنەر بکەن بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی نوێنەرایەتی خۆی ئەنجامبدات سەبارەت بە کاروباری خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان.

**ماددەی (٢٧):**

ئەنجومەن دەسەڵاتی چاودێریکردنی خۆی کە لە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا هاتوون، بەکاردەهێنێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە لەم یاسایە و پەیڕەوی ناوخۆدا، دەقیان لەبارەوە هاتووە لەڕێگەی ئامڕازە بەردەستەکانەوە، لەوانەش:

یەکەم: لێپرسینەوە و بەخشینی سەرۆک کۆمار.

دووەم: پرسیارکردن لە سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکان و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پارێزگارەکان و سەرۆکی ئەو دەستانەی پەیوەستنین بە وەزارەتێکەوە.

سێیەم: ڕوونکردنەوەی سیاسەت و ئاستی بەجێگەیاندنی ئەنجوومەنی وەزیران یان یەکێک لە وەزارەتەکان.

چوارەم: پرسیارکردن لەسەرۆک وەزیران و وەزیرەکان و بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکان.

پێنجەم: سەندنەوەی متمانە لەسەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان و بەخشینی بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکان.

شەشەم: ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەهەر یەکێک لە بەرپرسانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەستە سەربەخۆکان، لەو بابەتانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

حەوتەم: داوای زانیاری و بەڵگەنامە لە هەر دەزگایەکی فەرمی، سەبارەت بە هەر بابەتێکی پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتی، مافی هاووڵاتیان، جێبەجێکردنی یاساکان، یان جێبەجێکردنیان لەلایەن دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەستە سەربەخۆکانەوە.

هەشتەم: داواکردنی ئامادەبوونی هەر کەسێک بۆ گەواهیدان، ڕوونکردنەوەی هەڵویستێک، یان زانیاریدان سەبارەت بە هەر بابەتێک کە لەبەردەم ئەنجومەنەکەدا پێشکەشبکرێت.

نۆیەم: ئەنجامدانی سەردان و بەسەرکردنەوە بۆ وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەت بۆ دڵنیابوونەوە لەجێبەجێکردنی برگەکانی دەستوور و یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی و بڕیارە کارپێکراوەکان بەشێوەیەکی دروست.

**ماددەی (٢٩):**

نـوێنەر بەپێـی ئەو برگـانەی لەپەیـڕەوی نـاوخۆدا هـاتووە، دەتوانێـت پرسـیار ئاڕاسـتەی سـەرۆک وەزیـران، وەزیرەکـان، سـەرۆکی دەسـتە سـەربەخۆکان، سـەرۆکی ئەنجـومەنی پارێزگاکـان، پارێزگارەکـان و سـەرۆکی دەزگاکـانی نەبەسـتراو بە وەزارەتـێکەوە بکـات، بە شـێوەی زارەکـی یـان نـووسراو، لەسـەر هەر بابەتێـک کە دەکەوێـتە چوارچێـوەی دەسـەڵاتی ئەوانەوە، بـۆ لێکـۆڵینەوە لە بابەتێـک کە نـوێنەرەکە نایزانێـت، یـان بـۆ پشتڕاسـتکردنەوە لە ڕووداوێـک کە بـۆی زانـراوە، یـان بـۆ ئەوەی بزانێـت حکـومەت مەبەسـتی چییـە لە بابەتێکـدا، پرسـیارکەر بە تەنیـا مـافی ئەوەی هەیە لێـدوان لەسەر ئەو وەڵامە بدات کە بەرپرسەکە پێشکەشیکردووە.

بونیـاد لەسـەر ئەو دەقە دەسـتوری و یاسـایی وپەیڕەوییـانە کە خـرانەڕوو، بنەمـای دیـاریکردنی ئاسـتی بەجێگەیانـدنی کـاری نـوێنەران لەم راپـۆرتەدا کـراوەتە پێـوەرو سـەرجەم ئەو چالاکییـانەی (کە گەیشـتوونەتە تیمـی پـرۆژە) لەسـەر ئەو پێوەرە دەستوری و یاساییانە ئەژمارکراون.

## پووختەی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی:
## (٢٠٢٤/١٠/١ – ٢٠٢٥/٩/٣٠)

ئەوچالاكییانەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی كە گەیشتوونەتە تیمی پڕۆژە، بەمشێوەیە پۆلێنكراون:

**یەكەم/ ئەوچالاكییانەی كە لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەنجامیانداون و گەیشتوونەتە تیمی پڕۆژە، بریتین لە:**

١. ئامادەبوون لە دانیشتنەكانی ئەنجومەنی نوێنەران.
٢. بەشداریكردن لە گفتوگۆو تێچین(موداخەلات)ەكانی دانیشتنەكانی ئەنجومەندا.
٣. پرسیاری پەرلەمانیی.
٤. بەشداریكردن لەكۆبوونەوەو میوانداریكردن و چالاكی لیژنە هەمیشەییەكاندا.
٥. بەشداریكردن لە كۆبوونەوەو چالاكی لیژنە لاوەكییەكاندا.

**دووەم/ ئەو چالاكییانەی كە لەدەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەراندا ئەنجامدراون و گەیشتوونەتە تیمی پڕۆژە، بریتین لە:**

٦. ئاڕاستەكردنی نووسراو بۆ دامەزراوە گشتییەكان.
٧. سەردانیكردن بۆلای دامەزراوە گشتییەكان.
٨. بەسەركردنەوەو بەدواداچوون بۆ پڕۆژە خزمەتگوازرییەكان...هتد.
٩. ئامادەبوون لەو چالاكییانەی كە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەدەرەوەی وڵات ئەنجامیداون.

**تێبینی:** بۆزانیاری زیاتر لەسەر چالاكی نوێنەرانی پارێزگا سلێمانی، لەسەر تۆڕی كۆمەڵایەتی (فەیسبووك) بەستەری پەڕەی تایبەتی نوێنەران، بڵاوكراوەتەوە، بڕوانە پاشكۆی(١) ژمارە (٩٨).

## ئەو چالاكییانەی كە لە نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەنجامدراون.

## یەکەم/ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا:

١. ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ پێویستە سەرجەم ئەندامان (جگە لەوانەی مۆڵەت وەردەگرن)، ئامادەی دانیشتنەکان بن، لانیکەم پێویستە لە هەفتەیەکدا دووجار ئەنجومەن دانیشتن ئەنجامبدات. تیمی پرۆژە دەستی رانەگەیشت بە خشتەی ئامادەبووان و ئامادەنەبووانی نوێنەران، لەبەرنەبوونی بەڵگەیەکی فەرمی، چونکە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەشێوەیەکی رێک و بەردەوام لیستی ئامادەبووان بڵاوناکاتەوە.

٢. لەماوەی (٢٠٢٤/١٠/١ – ٢٠٢٥/٩/٣٠) لە کۆی (١٦) شانزە دانیشتن ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر پێگەی فەرمی خۆی تەنها لیستی ئامادەبووانی (٢) دوو لە دانیشتنەکانی بڵاوکردۆتەوە، کە بریتیبوون لە: دانیشتنی پێنجەم لە (٢٠٢٥/٣/٢٤) و دانیشتنی حەوتەم لە(٢٠٢٥/٥/٦).

٣. لە رێکەوتی (٢٠٢٥/٨/٢) (١) یەک لیستی ئامادەنەبوونی نوێنەرانی بڵاوکردەوەو نارەزایی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی لێکەوتەوەو لیستەکەش لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنجومەن سڕایەوە، بەگوێرەی لیستەکە (١٦٤) سەدو شەست وچوار نوێنەر ئامادەنەبوون. لە کۆی (١٨) نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانیش (١١) یانزە نوێنەر بەشداری کۆبوونەوەکەیان نەکردبوو، (موحسین مەندەلاوی) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق فەرمانیدا هەریەکێك لەم نوێنەرانە بڕی (١ ملیۆن) دینار لەمووچەکانیان ببڕدرێت.

٤. نوێنەرە ئامادەنەبووەکانی پارێزگای سلێمانی لە هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نەوەی نوێ، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) بوون و بریتیوون لە: (**ئاسۆ فەریدون**

**عەلی، بریار رەشید شەریف، بدریە حسین عزیز، سروە محمد رشید، غریب احمد مصطفی، سروە عبدالواحد قادر، ڕێبوار ئەوڕەحمان، ئاریان عەزیز تاوگۆزی، بەدریە ابراهیم رەشید، موفق حسین قادر، دارا حەمە ئەحمەد).**

## دووەم/ بەشداریکردن لە گفتوگۆو تێچینەکان (مداخلات)ی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

بەشداریکردن لەدانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یەکێکە لەئەرکە سەرەکییەکانی ئەندامانی ئەنجومەن و پێویستە پابەندبن بە ئامادەبوون لە دانیشتنەکاندا، لەدانیشتنەکاندا گفتوگۆو تاوتوێکردن و هەمواروو رەتکردنەوەو پەسەندکردنی رەشنووسی یاساکان،....هتد ئەنجامدەدرێت، ئەمە جگەلە گفتوگۆکردنی کێشەو گرفتە سەرەکییەکان.

لە ماوەی (٢٠٢٤/١٠/١ – ٢٠٢٥/٩/٣٠)دا، لە کۆی (١٨) هەژدە نوێنەری پارێزگای سلێمانی تەنها (١٠) دە نوێنەر بەشدارییان لە تێچین (مداخلە)ی ئەنجومەنی نوێنەراندا کردووە، ژمارەشیان (٢٣) بیست و سێ تێچین بووە، (٨) هەشت نوێنەری پارێزگای سلێمانیش بەدرێژایی ساڵێکە یەک وشەیان سەبارەت بە تەوەرەکانی دانیشتنەکان نەگوتووەو بێدەنگییان لە دانیشتنەکاندا هەڵبژاردووە.

***<u>سەرچاوەی پشتراستکردنەوەی تێچینەکان:</u>***

<u>یەکەم</u> کۆنووسی فەرمی دانیشتنەکان، کە ئەنجومەن نوێنەرانی عێراق لەسەر پێگەی فەرمی خۆی بڵاویکردوونەتەوە.

<u>دووەم/</u> پێش بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە، ژمارەی تێچینەکان (مداخلات) نێردراوەتەوە بۆ نوێنەران بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە ژمارەکان و پشتڕاستکردنەوەیان.

خشتەی ژمارە (٥)

تێچینەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی (٢٠٢٤/١٠/١ - ٢٠٢٥/٩/٣٠)

| ز | نوێنەر | ژمارەی تێچین |
|---|---|---|
| ١. | موسەننا ئەمین نادر | ٥ |
| | سروە عبدالواحد قادر | ٥ |
| ٢. | بریار رەشید شەریف | ٣ |
| ٣. | رێبوار ئەورەحمان وەستا صالح | ٢ |
| | نەرمین مەعروف غەفور | ٢ |
| | سۆران عمر سعید | ٢ |
| ٤. | دارا حەمە ئەحمد | ١ |
| | سروە محەمەد رەشید | ١ |
| | شوان محمد رۆستەم | ١ |
| | غەریب ئەحمەد مصطفی | ١ |
| ٥. | بەدریە ابراهیم رەشید | ٠ |
| | ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین | ٠ |
| | چرۆحەمە شەریف عبدالله | ٠ |
| | کاروان عەلی یارەویس | ٠ |
| | مۆفەق حسین قادر | ٠ |
| | ئاریان عەزیز تاوگۆزی | ٠ |
| | بەدریە حسین عەزیز | ٠ |
| | یادگار محمود نەسروڵا | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٢٣ |

## سێیەم/ نوسراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆ دامەزراوە گشتییەکان

یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی نوێنەران بۆ گەیاندنی کێشەو گرفتەکانی هاووڵاتیان، بریتییە لە ئاراستەکردنی نووسراو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، وەک لەماددەکانی (١٥) و (١٦)ی (یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی) یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەمووارکراو هاتووە. بەگوێرەی وێنەی ئەو نووسراوانەی کە نوێنەران بۆ تیمی پرۆژەیان ناردووە، لەماوەی (٢٠٢٤/١٠/١ – ٢٠٢٥/٩/٣٠)دا نوێنەرانی پارێزگای

سلێمانی نزیکەی (١٢٠) نووسراو (ئەو نوسراوانەی وەڵامدراونەتەوەو تایبەتن بەپرس و کێشە گشتییەکانی هاووڵاتیان) ئاراستەی دامەزراوە گشتییەکانیان کردووە، زۆربەی ناوەڕۆکی نووسراوەکانیش جێبەجێنەکراون، بەڵکو بەمشێوە وەڵامدراونەتەوە:

خشتەی ژمارە (٦)

خشتەی تایبەت بە ژمارەی وەڵامی ناوەڕۆکی هەندێک لەنووسراوەکان

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | نووسراوتان هەواڵە (احالە)ی دامەزراوەیەکی دیکە کراوە. | ٣٢ |
| ٢ | ناوەڕۆکی نووسراوتان لە تایبەتمەندی ئێمە نییە. | ١٠ |
| ٣ | ناوەڕۆکی نووسراوتان پەیوەندی بەحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە | ٨ |
| ٤ | ناوەڕۆکی نووسراوتان پێچەوانەی یاسای ژمارە (...)ە. | ٤ |
| ٥ | ناوەڕۆکی نووسراوتان پێویستی بە هەمواری یاسا هەیە. | ٤ |

بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی نووسراوەکانیش بریتیبوون لە:

خشتەی ژمارە (٧)

ناوەڕۆکی نووسراوە وەڵامدراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | پرس و کێشە گشتییەکانی هاووڵاتیان | ٩٨ |
| ٢ | داواکردنی زانیاری | ١٠ |
| ٣ | داوای ڕوونکردنەوە (استفسار) | ١٠ |
| ٥ | پرسیاری پەرلەمانی | ٢ |
| کۆی گشتی | | ١٢٠ |

## چوارەم/سەردانیکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆ دامەزراوە گشتییەکان:

١. ئەرکێکی دیکەی نوێنەران بریتییە لە سەردانیکردن و بەسەرکردنەوەی وەزارەت و دامەزراوە گشتییەکان لەسەر هەردوو ئاستی ناوەند و هەرێم.

٢. لە ماوەی (٢٠٢٤/١٠/١ – ٢٠٢٥/٩/٣٠)دا، زیاد لە (١٠٠) پێشوازی و سەردانیکردنی نوێنەران بۆ دامەزراوە گشتییەکانی حکومەتی ناوەند، هەرێم ئەنجامدراون (لەوانەی بە تیمی پرۆژە گەیشتوون).

٣. ئەوەی جێگەی سەرنجە، زۆربەی سەردانەکان بۆ گەیاندنی داواکاری و سکاڵای هاووڵاتیان و پرس و کێشە گشتییەکانی هاووڵاتیان بووە، کەمتر سەردانیکردن ئەنجامدراوە بەمەبەستی ئاگاداربوون و بەدواداچوون بۆ ئاستی بەجێگەیاندن (الاداء)ی وەزارەت و فەرمانگەکان، بەگوێرەی بڕگەی (نۆیەم)ی ماددەی (٢٧) لە (یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی).

٤. هەندێک لە نوێنەران هۆکاری کەمی سەردانیکردنیان بۆ دامەزراوە گشتییەکان، لەسەر هەردوو ئاستی ناوەند و هەرێم، بۆ ئەوە دەگێڕنەوە لە دامەزراوەکان وەک پێویست کارئاسانیان بۆ ناکرێت.

## پێنجەم/ ئامادەبوون لە نووسینگەی سلێمانی و هەڵەبجەی (ئەنجومەنی نوێنەران)

١. لە کاتێکدا هەندێک لەنوێنەرانی پارێزگای سلێمانی پشتگیری بوونی نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەن و پێیانوایە ئەم نووسینگانە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان کراونەتەوەو راستەوخۆ نوێنەران لەگەڵ هاووڵاتیان بێجیاوازی گفتوگۆ دەکەن، لەبەرامبەردا هەندێک لە نوێنەرانی دیکەی پارێزگای سلێمانی، هاوشێوەی خولەکانی پێشوو، لەمساڵیشدا وەک پێویست گرنگییان بە ئامادەبوون لە نووسینگەکانی سلێمانی و هەڵەبجەی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)نەداوە، بە پاساوی ئەوەی بوونی ئەو نوسینگانە بەگرنگ نازانن، لە کاتێکدا ماددەی (١٥٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە: (تفتح مكاتب للمجلس في المحافظات لتأمين التواصل بين أعضاء مجلس النواب والجماهير).

خشتەی ژمارە (٨)
ئامادەبوونی نوێنەران، لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

| ز | نوێنەر | ژمارەی ئامادەبوون |
|---|---|---|
| ١ | دارا حمە احمد | ٥١ |
| ٢ | نەرمین مەعروف غەفور | ٢٤ |
| ٣ | بریار رەشید شەریف | ١٦ |
| ٤ | سۆران عمر سەعید | ١٦ |
| ٥ | موسەننا ئەمین نادر | ١٥ |

خشتەی ژمارە (٩)
ئامادەبوونی نوێنەران، لە نووسینگەی هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

| ز | نوێنەر | ژمارەی ئامادەبوون |
|---|---|---|
| ١ | چرۆ حەمە شەریف | ١٠ |
| ٢ | موسەنا ئەمین نادر | ٢ |
| ٣ | شوان محەمەد روستەم | ١ |
| ٤ | نەرمین مەعروف غەفور | ١ |
| ٥ | بریار رەشید شەریف | ١ |

## شەشەم/ ئامادەبوون لە نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەران.

لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢١/١٠/١٠)دا پارێزگای سلێمانی بەسەر (٥) پێنج بازنەدا دابەشکرا، بەشێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە سنووری بازنەکانی خۆیان نووسینگەی فەرمی تایبەت بەخۆیان کردەوە.

### نووسینگەی نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا)

نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا) نووسینگەی تایبەتی هەیە، (بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی تیمی پرۆژە) نووسینگەیەکی پڕ جووڵەیە، هاووڵاتیان

سەردانیدەکەن و تەنانەت شاندی باڵاو بەڕێوەبەرەگشتییەکان لەسەر ئاستی ناوەندو هەرێم، سەردانیان کردووەو راستەوخۆ لەگەڵ نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا)دا گفتوگۆو راگۆڕینەوەیان کردووە، سەردانی هاووڵاتیان و شاندەکان لە پەڕەی فەرمی نوێنەر (غەریب ئەحمەد مستەفا)وە بڵاوکراونەتەوە.

## نووسینگەی نوێنەر (سۆران عمر سعید):

نوێنەر (سۆران عمر سعید) نووسینگەی تایبەتی هەیەو لەلایەن تیمێکەوە سەرپەرشتی دەکرێت، ئەم نووسینگەیە لەم ساڵدا هیچ سەردانیکردنی هاووڵاتیانیانی بۆ نووسینگەکە بڵاونەکردۆتەوەو وەک پێویست لەلایەن بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکان و هاووڵاتیانەوە سەردانی نەکراوەو هاوکاتیش نوێنەر (سۆران عمر سعید) ئامادەبوونی لە نووسینگەکەدا نەبووە.

## نووسینگەی نوێنەر (بریار رەشید شەریف):

نوێنەر (بریار رەشید شەریف) لەساڵی (٢٠٢٤)دا نووسینگەیەکی تایبەتی لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی کردەوە، لە نووسینەگەکەدا بە ئامادەبوونی نوێنەر (بریار رەشید) پێشوازی لە هاووڵاتیان و چین و توێژەکان کراوەو راستەوخۆ گفتوگۆو راگۆڕینەوەیان کردووە.

تیمی پرۆژە لەو شوێنانەی کە نووسینگەی فەرمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)ی لێیە، نووسینگەی تایبەت بەپێویست نازانێت، لەبەرئەوەی باشترە کە نوێنەر لە نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەراندا ئامادەبێت، چونکە تێکڕای هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی سەردانی دەکەن.

# بەشی سێیەم

- ژمارەی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
- چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
- لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردن

( ساڵی چوارەم/ خولی پێنجەم)

لە (٢٠٢٤/١٠/١ بۆ ٢٠٢٥/٩/٣٠)

# ژمارەی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
# ساڵی چوارەم/ خولی پێنجەم

(٢٠٢٤/١٠/١ بۆ ٢٠٢٥/٩/٣٠)

**چەند تێبینیەک لەسەر چالاکییەکان:**

یەکەم/ لەم ڕاپۆرتەدا تەنها ئەو چالاکییانە بڵاوکراونەتەوە کە (**گەیشتوونەتە تیمی پڕۆژە**) و پێش بڵاوکردنەوەیان، کۆی ئەو چالاکییانە، نێردراونەتەوە بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، وەڵام و هەڵوێستی نوێنەرانیش بەمشێوەیە بوون:

دووەم/ سوپاسی هەندێک لە نوێنەران دەکەین کە پێداچوونەوەیان بە لیستی چالاکییەکانیاندا کردەوەو وەڵامی کۆتایی تیمی پڕۆژەیان داوەتەوەو ژمارەی کۆتایی چالاکییەکانیان بۆ تیمی پڕۆژە پشتڕاستکردۆتەوە.

سێیەم/ ئەم نوێنەرانە ئامادەنەبوون بەهیچ شێوەیەک وەڵامی تیمی پڕۆژە بدەنەوە:

خشتەی ژمارە (١٠)

| ز | نوێنەر | فراکسیۆن |
|---|---|---|
| ١ | ڕێبوار ئەورەحمان | نەوەی نوێ |
| ٢ | بەدریە ئیبراهیم ڕەشید | نەوەی نوێ |
| ٣ | یادگار مەحمود نەسروڵا | پارتی دیموکراتی کوردستان |

چوارەم/ لەم ڕاپۆرتەدا بۆ ئەو سێ نوێنەرە، تەنها ئەو چالاکییانە ئەژمارکراون، کە لە واڵی فەرمی خۆیاندا لە (تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک) بڵاویانکردوونەتەوە.

پێنجەم/ نوێنەر (سروە عبدالواحد) بەتیمی پڕۆژەی ڕاگەیاند کە (پشتڕاستکردنەوەی چالاکییەکانی بەلاوە گرنگ نییە) لەبەر ئەوە تەنها ئەو چالاکییانەی بڵاوکراونەتەوە کە لە واڵی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویکردبوونەوە.

شەشەم/ نوێنەر (ئاریان عەزیز تاوگۆزی) لە (٢٠٢٥/١٢/٢) بەتیمی پڕۆژەی ڕاگەیاندکە: ( ئەمڕۆ یان سبەی، ژمارەی چالاکییەکان دەنێرم و بەدڵنیایەوە چالاکیەکانم

زۆر زیـــاترن) بەڵام هەتـا (٢٠٢٥/١٢/٣١) چالاکییەکـانی بـۆ تیمـی پـرۆژە نەنـاردووە، تەنها ئەو چالاکییانەمـان بڵاوکـردنەوە کە لە واڵـی تـایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویکردبوونەوە.

حەوتەم/ چـالاکییە (حیزبـی، تەشـریفاتی، بـۆنە و ئـاهەنگی نەتەوەیـی و نیشـتمانیی، سـەردانیکردن لەگەڵ لێپرسـراوی حیزبـی، پرسـە و بـۆنە کۆمەڵایەتی)یەکان، هەژمارنەکراون.

هەشـتەم/ نووسـراوە وەڵامنەدراوەکـانی نـوێنەرانی پارێزگـای سـلێمانی بـۆ دامەزراوە گشـتییەکان و نووسـراوەکانی تـایبەت بە کێشـەو داواکـارییە کەسـییەکان، بەهـۆی سـەرنج و تێبینـی نـوێنەران لەسـەر ئەوجۆرە نووسراوانە، هەژمار نەکراون.

نـــۆیەم/ پـــووختەی چـــالاکی نـــوێنەران کە گەیشـــتوونەتە تیمـــی پـــرۆژە، بـــریتین لە (تێچـــین (مـــداخلە)، ئاڕاســـتەکردنی نووســـــراو، ســـــەردانیکردن، بەداوادچـــــوون، کۆبـــــوونەوەو میوانـــداریی لیـــژنە هەمیشـــەییەکان لە ناوەنـــد، ســـەردان و بەداوادچوون لە هەرێم ودەرەوەی عێراق).

دەیەم/ ســـەبارەت بە هەڵســـەنگاندن بـــۆ ئاســـتی بەجێگەیانـــدن (الاداء)ی نـــوێنەران، (ڕێکخـــراوی کوردســـتان بـــۆ هەمـــووان) ئەم چەند سەرنجە دەخاتەڕوو:

١. لەبەرئەوەی نـــــوێنەرایەتیکردن پۆســـــتێکی گشـــــتییە و بەدەنگـــــی هاووڵاتیـــــان بەدەســـــتهێنراوە، مـــــافی هەمـــــوو هـــاووڵاتییەکە زانیـــاری هەبێـــت لەســـەر ئاســـتی بەجێگەیانـــدنی نوێنەرەکـــانی، چـــونکە نـــوێنەر ئەرکـــی نـــوێنەرایەتیکردنی دەنگدەرە.

٢. گرنگە نوێنەر لەهەموو کەس زیاتر دەستکراوەبێت لەپێدانی زانیاری بە هاووڵاتیان، ڕێکخراوەکان، میدیاکان...هتد.

٣. لەسەرەتای دەستبەکاربوونی هەرخولێکی ئەنجومەنی نوێنەراندا، تیمی پرۆژەی (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) سەردانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی دەکات، چالاکی و شێوازی کارکردن و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و شێوازی کۆکردنەوەی چالاکییەکان، بۆ نوێنەران ڕووندەکاتەوە. لە سەرەتای ئەم خولەشدا، تیمی پرۆژە وەک نەریتی خۆی و پلانی پرۆژەکە، سەردانی (١٨) هەژدە نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانی کردووەو هیچ نوێنەرێک لاری لەهەنگاوەکان نەبوووەو دەستخۆشیان هەبووە کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنی بەمکارە هەڵدەستێت، تاکە داواکاریشیان لە تیمی پرۆژە بریتیبووە لەبەردەوامێتی لەبەدواداچوون و پاراستنی بێلایەنی.

خشتەی ژمارە (١١)

کۆی گشتی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەماوەی (٢٠٤/١٠/١ - ٢٠٢٥/٩/٣٠)

| ز | نوێنەر | ژمارەی چالاکی |
|---|---|---|
| ١. | نەرمین مەعروف غەفور | ١٣٢ |

| | | |
|---|---|---|
| .٢ | بڕیار ڕەشید شەریف | ١٠٦ |
| .٣ | سروە محەمەد ڕەشید | ٩١ |
| .٤ | دارا حەمە ئەحمەد | ٨٩ |
| .٥ | کاروان عەلی یاروەیس | ٨١ |
| .٦ | غەریب احمد مستەفا | ٨٠ |
| .٧ | موسەننا ئەمین نادر | ٧٣ |
| .٨ | چرۆ حەمە شەریف | ٥٠ |
| .٩ | شوان محمد ڕۆستەم | ٤٢ |
| .١٠ | بەدریە حسین عەزیز | ٤٠ |
| .١١ | سۆران عمر سەعید | ٣٢ |
| .١٢ | ئاسۆ فەریدون عەلی | ٣٠ |
| .١٣ | ئاریان عەزیز تاوگۆزی | ٢٠ |
| .١٤ | سروە عبدالواحد قادر | ١٥ |
| .١٥ | ڕێبوار ئەوڕەحمان | ١٥ |
| .١٦ | مۆفەق حسین قادر | ١٥ |
| .١٧ | یادگار مەحمود نەسروڵا | ١٥ |
| .١٨ | بەدریە ابراهیم ڕەشید | نە چالاکی بۆ تیمی پرۆژە ناردووە، نە خۆشی چالاکی بڵاوکردۆتەوە |
| کۆی گشتی | | ٩٢٦ |

## چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردن/ لە (٢٠٢٤/١٠/١ بۆ ٢٠٢٥/٩/٣٠)

پارێزگای سلێمانی بەگوێرەی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠) یاسای هەڵبژاردنەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، لە هەڵبژاردنەکانی

(٢٠٢١/١٠/١٠)دا بەسەر (٥) پێنج بازنەدا دابەشكرا، بازنەكانیش بەپێی ناوچەو ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی دەنگدەران بەم شێوەیە دابەشكران:

## بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (١):

سنووری ئەم بازنەیە ناوچەكانی(باكووری سلێمانی، شارباژێر، ماوەت) دەگرێتەوە، چالاكییەكان لەم بازنەیەدا بەمشێوەیە بوون:

خشتەی ژمارە (١٢)

چالاكییەكانی بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (١)

| ز | نوێنەر | ژمارەی چالاكی | ژمارەی تێچین | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نەرمین مەعروف | ١٣٠ | ٢ | ١٣٢ |
| 2 | دارا حەمە ئەحمەد | ٨٨ | ١ | ٨٩ |
| 3 | ڕێبوار ئەوڕەحمان | ١٣ | ٢ | ١٥ |
| 4 | یادگار مەحمود | ١٢ | ٠ | ١٢ |
| كۆی گشتی | | ٢٤٣ | ٥ | ٢٤٨ |




## بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٢):

سنووری ئەم بازنەیە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە: (باشووری سلێمانی)، (قەزای قەرەداغ و ناحیەكانی (عەربەت- بازیان- بەردەقارەمان - ئەڵایی)، چالاكییەكانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەم بازنەیەدا بەمشێوەیە بوون:

خشتەی ژمارە (١٣)

چالاکییەکانی بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٢)

| ز | نوێنەر | ژمارەی چالاکی | ژمارەی تێچین | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بڕیار ڕەشید شەریف | ١٠٣ | ٣ | ١٠٦ |
| ٢ | ئاسۆ فەریدون علی | ٣٠ | ٠ | ٣٠ |
| ٣ | بەدریە ابراهیم رەشید | نە چالاکی بۆ تیمی پرۆژە ناردووە، نە خۆشی هیچ چالاکییەکی بڵاوکردۆتەوە | | |
| کۆی گشتی | | ١٣٣ | ٣ | ١٣٦ |




## بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٣)

سنووری ئەم بازنەیە بریتییە لە (هەڵەبجە، پێنجوێن، سەید سادق، شارەزوور) چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەم بازنەیەدا بەمشێوەیە بوون:

خشتەی ژمارە (١٤)

چالاکییەکانی بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٣)

| ز | نوێنەر | ژمارەی چالاکی | ژمارەی تێچین | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | موسەننا ئەمین نادر | ٧٣ | ٥ | ٧٨ |
| ٢ | چرۆ حەمە شەریف | ٥٠ | ٠ | ٥٠ |
| ٣ | ئاریان عەزیز احمد | ١٥ | ٠ | ١٥ |
| کۆی گشتی | | ١٣٨ | ٥ | ١٤٣ |




## بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٤)

سنووری ئەم بازنەیە بریتییە لە قەزاکانی (دوکان - رانیە - قەڵادزێ) ناحییەکانی (خەلەکان، بنگرد، خدران، حاجی ئاوا، سەرکەبکان، پیرەمەگرون، سورداش، چوارقورنە، سەروچاوە، سەنگەسەر، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشۆ، ئیسێوە) چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەم بازنەیەدا بەمشێوەیە بوون:

خشتەی ژمارە (١٥)
چالاکییەکانی بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٤)

| ز | نوێنەر | ژمارەی چالاکی | ژمارەی تێچین | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | غەریب احمد مصطفى | ٧٩ | ١ | ٨٠ |
| ٢ | بەدریە حسین عەزیز | ٤٠ | ٠ | ٤٠ |
| ٣ | سۆران عمر سعید | ٣٠ | ٢ | ٣٢ |
| ٤ | سروە عبدالواحد قادر | ١٥ | ٥ | ٢٠ |
| کۆی گشتی | | ١٦٤ | ٨ | ١٧٢ |




## بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٥)

سنووری ئەم بازنەیە بریتییە لە قەزاکانی: (دەربەندیخان، کەلار، کفری، چەمچەماڵ)، ناحیەکانی: (مەیدان، باوەنور، رزگاری، سەرقەڵا، شۆڕش، تەکیە، ئاغجەلەر) چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە بازنەیەدا بەمشێوەیە بوون:

## خشتەی ژمارە (١٦)
## چالاكییەكانی بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٥)

| ز | نوێنەر | ژمارەی چالاكی | ژمارەی تێچین | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سروە محمد رەشید | ٩٠ | ١ | ٩١ |
| ٢ | كاروان عەلی یاروەیس | ٨١ | ٠ | ٨١ |
| ٣ | شوان محەمەد رۆستەم | ٤١ | ١ | ٤٢ |
| ٤ | مۆفەق حسین قادر | ١٥ | ٠ | ١٥ |
| كۆی گشتی | | ٢٢٧ | ٢ | ٢٢٩ |



# بەشی چوارەم

# هەڵسەنگاندنێک بۆ ساڵی چوارەمی
# بەجێگەیاندن (الاداء)ی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
# لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
# ساڵی چوارەم/ خولی پێنجەم

بەچەند خاڵێك هەڵسەنگاندن و سەرنج و تێبینییەكان لەسەر ساڵی چوارەمی ئاستی بەجێگەیاندن (الاداء)ی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ خولی پێنجەم) دەخەینەڕوو، بەو ئومێدەی نوێنەرانی خولی شەشەمی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بتوانن لە ماوەی كاركردنیاندابۆ چوار ساڵی داهاتوو سەرنج و تێبینییەكان بەهەند وەربگرن و سودمەندبن بۆیان.

هەڵسەنگاندنەكانیش لەسەر ئەم تەوەرانە ئەنجامدراوە:

**یەكەم/** پابەندنەبوون بە جێبەجێكردنی بەرنامە و بەڵێنەكانی هەڵبژاردنی لیستەكان و كارنامەی حكومەت.

**دووەم/** بەشداریكردن و تێچین (مداخلە)ەكانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە دانیشتنەكانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)دا.

**سێیەم/** ناوەڕۆكی نووسراوەكانی نوێنەران لەروانگەی دەستوری هەمیشەیی عێراق و یاسا بەركارەكان

**چوارەم/** وەڵامی هەندێک لە دامەزراوەكانی حكومەتی ناوەندی. بۆ هەندێك لە نووسراوەكانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی

**پێنجەم/** ئامادەبوونی نوێنەران لە نووسینگەكانی سلێمانی و هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

**شەشەم/** نووسینگە تایبەتەكانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی.

## یەكەم/ ئاستی پابەندێتی بە جێبەجێكردنی بەرنامە و بەڵێنەكانی هەڵبژاردنی لیستەكان و كارنامەی حكومەت.

### - جێبەجێكردنی بەڵێنی هەڵبژاردنی نوێنەران

پابەندبوون بە جێبەجێكردنی بەرنامەو بەڵێنەكانی هەڵبژاردن لەلایەن پەرلەمانتارانەوە گرنگی خۆی هەیە. نوێنەرانی هەڵبژێردراو بەرپرسیارێتی

جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بە دەنگدەرەکانیان دراوە، لەئەستۆیاندایە.

ئەم پابەندبوونە متمانە بە پرۆسەی دیموکراسی و لێپرسینەوە و حوکمڕانی کاریگەر مسۆگەر دەکات، ئەمەش بەو واتایە دێت کە پێویستە نوێنەران چالاکانە کاربکەن بۆ وەرگێڕانی بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیان بۆ سیاسەت و یاسادانان...

هاووڵاتیان لەگەڵ بەرنامەو بەڵێنەکانی هەڵبژاردندا، ئەزموونێکی تاڵیان هەیە، بەوەی کەچەندین خولی پەرلەمانی تەواو بوون، بەڵام بەڵێنەکان خول لەدوای خول دووبارە دەبنەوەو بەبێ ئەوەی جێبەجێبکرێن، پێویستە پەرلەمانتاران بە ڕوونی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و نیگەرانییەکانی دەنگدەرەکانیان بکەن، دڵنیابن لەوەی ئەو سیاسەتانەی دەردەچن وەڵامی ئەو پێداویستیانە دەدەنەوە کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەربڕدراون.

لەئێستادا چوارساڵ بەسەر تەمەنی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا تێپەڕی و خولەکە کۆتاییهات، جێیخۆیەتی بپرسین لە نوێنەران لەماوەی ئەم چوارساڵەدا، چ بەڵێنێکتان جێبەجێکرد؟ ئەو گۆڕانکاریە چیبوو کە لەژیانی هاووڵاتیاندا هاتەدی، کە لەبەرنامەی لیستەکاندا ئاماژەتان بۆ کردبوو؟ کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ بەرنامەی لیستەکان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، چەندین بەڵێنی جۆراوجۆر لە بەرنامەی لیستەکان و بەرنامەی کاندیدەکاندا بەرچاو دەکەون، هاووڵاتی لەکاتی خوێندنەوەی ئەو بەرنامە و بەڵێنانەدا واگومان دەبات، پاش هەڵبژاردن گۆڕانکارییەکی گەورە دێتە ئاراوە، بەڵام جگەلە جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکان، هاوکات هاووڵاتیانیشیان لە چاوەڕوانیدا هێشتۆتەوەو تەنانەت هەندێکجاریش کێشەو گرفتەکان زیاتر دەبوون، لە کاتێکدا زۆربەی زۆری ئەو کێشەو گرفتانە لەبەرنامەی هەڵبژاردنی

لیستەکاندا چارەسەریان بۆ پێشنیارکراوە، ئەمەش ئەندامانی هەڵبژێردراو دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر دەنگدەرانداو متمانەی هاووڵاتیانیش بە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانیش تا دێت کەمتر دەکاتەوە.

پاش کۆتایهاتنی خولی پێنجەمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بە روونی ئەوە دەردەکەوێت کە نوێنەران دەستەوسان بوون لە جێبەجێکردنی زۆربەی ئەو بەڵێنانەی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا خستیانەڕوو، ئەوانەشی کە کراون لەبازنەیەکی بچووکدا بوون.

- چاودێریکردنی جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت

نوێنەرانی هەڵبژێردراو، وەک نوێنەری هاووڵاتیان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لەدڵنیابوون لەوەی کەکارەکانی حکومەت لەگەڵ ئەو بەڵێنانەدا بگونجێت کە بەخەڵک دراوە، ئاستی پابەندێتی نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەگشتی، بە ئەرکەکانی نوێنەرایەتی، کە لەمادەدەی (٦١)ی دەستووری (٢٠٠٥)ی عێراق و یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ لە یاسای (ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی)دا دیاریکراون:

١. بانگهێشتکردن و لێپرسینەوەلە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەئاستێکی نزمدایە، لەگەڵ ئەوەی هاووڵاتیان گلەیی زۆریان لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان هەیە.
٢. لەکۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکاندا، میوانداری وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان و سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان، کراوەو پرسیاریان ئاراستەکراوە، بەڵام گۆڕانکاری گشتی لەشێوازی کارکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا روویندەدا.

## دووەم/ بەشداریکردنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە گفتوگۆو تێچینەکان (موداخەلات)ی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

١. بەراورد بە ساڵی رابردوو، ژمارەی گفتوگۆو تێچیینەکان کەمیانکردووە، لەساڵی رابردوودا (١٢) نوێنەری پارێزگای سلێمانی، (٧٢)جار بەشداریی تێچینەکانیان کردووە. لەماوەی (٢٠٢٤/١٠/١) بۆ (٢٠٢٥/٩/٣٠) لە کۆی (١٨) نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) تەنها (١٠) نوێنەر بەشداری گفتوگۆو تێچیینەکان (مداخلات)ی دانیشتنەکانی کردووە، کە کۆی گشتیان دەکاتە (٢٣) تێچیین. کۆتایهاتنی خولەکەو کەمی ژمارەی دانیشتنەکانی ئەنجومەن هۆکار بوون بۆ دابەزینی ژمارەی تێچینەکان لەلایەن هەندێک لەنوێنەرانەوە.

٢. هەریەکە لە نوێنەران (موسەننا ئەمین نادر) (سروە عبدالواحد) زۆرترین تێچینیان هەبووە، کە (٥) تێچین بۆ هەر یەکێکیان بووە بەپلەی یەکەم دێن.

٣. لەماوەی ساڵەکەدا (٨) نوێنەری پارێزگای سلێمانیش هیچ گفتوگۆو تێچینێکیان نەبووەو لەو (١٦) دانیشتنەی ئەنجومەنی نوێنەراندا بەیەک وشەش بەشدار نەبوون.

٤. یەکێک لەگرفتەکانی بەردەم ژمارەیەک لە نوێنەرانی کورد لە ساڵانی رابردوودا، بریتییە لە کەمی بەشداریکردنیان لە گفتوگۆو تێچیینەکانداو وەک پێویست نەیانتوانیوە بە زمانی عەرەبی قسەبکەن.

خشتەی ژمارە (١٧)

بەراوردی تێچینەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ماوەی دووساڵدا

| نوێنەر | ٢٠٢٣/١٠/١ - ٢٠٢٤/٩/٣٠ | ٢٠٢٤/١٠/١ - ٢٠٢٥/٩/٣٠ | + - |
|---|---|---|---|
| موسەننا ئەمین | ١٨ | ٥ | -(١٣) |
| سروە عبدالواحد | ٢ | ٥ | + (٣) |
| بریار رەشید | ١٥ | ٣ | -(١٢) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕێبوار ئەوڕەحمان | ١ | ٢ | (١)+ |
| نەرمین مەعروف | ٢ | ٢ | = |
| سۆران عمر سعید | ٦ | ٢ | (٤)- |
| دارا حەمە ئەحمد | ٧ | ١ | (٦)- |
| سروە محەمەد | ٣ | ١ | (٢)- |
| شوان محمد | ٠ | ١ | (١)+ |
| غەریب ئەحمەد | ١٤ | ١ | (١٣)- |
| بەدریە ابراهیم | ٢ | ٠ | (٢)- |
| ئاسۆ فەرەیدون | ١ | ٠ | (١)- |
| چرۆحەمە شەریف | ١ | ٠ | (١)- |
| کاروان یاروەیس | ٠ | ٠ | ٠ |
| مۆفەق حسین | ٠ | ٠ | ٠ |
| ئاریان عەزیز | ٠ | ٠ | ٠ |
| بەدریە حسین | ٠ | ٠ | ٠ |
| یادگار محمود | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | ٧٢ | ٢٣ | (٥٤)-<br>(٥)+ |

٥. هیچ کام لە تێچینەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، کاریگەریان نەبووە لەسەر دەرکردنی بڕیارێک یان پاشگەزبوونەوە لە بڕیارێک، هاوکات ناوەڕۆکی تێچینەکانی هەندێک لە نوێنەران، لاوازیان پێوەدیارە، کەوا دەردەکەون وەک ئەوەی تەنها بۆ زیادکردنی ژمارەی تێچینەکانیان بووبن.

٦. زۆرێک لە تێچینەکان لەبڕگەی گشتی و گفتوگۆی گشتیدا بوون، کەلەم کاتەدا زۆر بەکەمی گوێ لە تێچینەکان دەگیرێن وەک هەندێک لە نوێنەران بەتیمی پڕۆژەیان ڕاگەیاند.

## سێیەم/ ناوەڕۆکی نووسراوەکانی نوێنەران لەروانگەی دەستوری هەمیشەیی عێراق و یاسا بەرکارەکان

یەکێک لە خەسڵەتەکانی نوێنەری کارا، شارەزابوون و ئاگاداربوونە لە ماددەو بڕگەکانی دەستورو یاسا کارپێکراوەکانی ناوەندو هەرێم و هەروەها شارەزابوونە لە پەیڕەوی ناوخۆ، ئەندامانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، لەبەر ئەوەی نوێنەری گەلن و کاری سەرەکیان دانان و چاودێریکردنی یاساکانە، بۆیە شارەزاییان لە دەستور و یاساکان زۆر گرنگە. ئەم چەند خاڵەش لەهۆکارە سەرەکییەکانن:

١. ئەگەر ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران شارەزاییەکی باشیان لە ماددەو بڕگەکانی دەستور نەبێت، ڕەنگە نەتوانن وەک پێوست بەئەرکەکانیان هەستن و نەشتوانن وەک پێویست چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەن، هەوڵەکانی پەرلەمانتاران کاریگەریان دەبێت و یەتوانن ڕێگری بکەن لە تێپەڕاندنی سنووری یاسایی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەمەش کاتێک دەبێت کە نوێنەرەکە پاڵپشت بە دەقە دەستوری و یاساییەکان بەئەرکەکانی هەستابێت.

٢. نوێنەر باشتر دەتوانێت داکۆکی لە داواکانی خەڵک بکات و هەنگاوی دروست بنێت.

٣. نوێنەر بە شێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵی چاودێریکردنی خۆی دەگێڕێت.

٤. شارەزایی لە دەستور تەنها بژاردەیەک نییە بۆ نوێنەران، بەڵکو بەرپرسیاریەتێکی نیشتمانییە کە (یاسادانانی دادپەروەرانە و حوکمڕانی باش و پاراستنی مافەکانی کۆمەڵگا) مسۆگەر دەکات.

لەماوەی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، چەندین نووسراو لەلایەن نوێنەرانەوە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و وەزارەتەکان و بانک و دەستە سەربەخۆکان و ....هتد، کراوە، بەڵام:-

- چەندجارێک نووسراو کراوە بۆ چەند بابەتێک، لە وەڵامدا دامەزراوە گشتییەکان ئاماژەیان بە چەند بڕگەیەکی یاسایی کردووە، کە بە

گوێرەی ئەو برگە یاساییانە ئەو کارەی نوێنەرەکان بەدواداچوونیان بۆکردووە، ناکرێت، یان پەیوەندی بەو لایەنەوە نییە کە نووسراوەکەی ئاڕاستەکراوە

- زۆرترین نووسراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، کە تایبەتن بە سکاڵاو داواکاری هاووڵاتییەک یان چەند هاووڵاتییەکی دیاریکراوی پارێزگای سلێمانی کە ئاڕاستەی دامەزراوە گشتییەکان کراون، بریتین لەداواکاری: (دامەزراندن، گواستنەوەی فەرمانبەر لە فەرمانگەیەکی هەرێمەوە بۆ هەمان فەرمانگەی سەربە حکومەتی عێراق، خوێندن لە دەرەوەی وڵات، گواستنەوەی راژەی فەرمانبەرێک لە فەرمانگەیەکی هەرێمەوە بۆ راژەی هەمان فەرمانگەی سەربەحکومەتی عێراق، پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران، گواستنەوەی زیندانییەک لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیکە، ... هتد)، زۆربەی ئەم نووسراوانە یان رەتکراونەتەوە یاخود هەواڵەی چەند دامەزراوەیکی دیکە کراون و هەتا لەو نێوانەدا چارەنووسی نوسراوەکان بەنادیاری ماونەتەوەو جێبەجێنەکراون.

٣. لەگەڵ بوونی هەردوو ماددەی (١٢١) و ماددەی (١٤١)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا تایبەت بە هەرێمی کوردستان، کەچی هەندێک لە نوێنەران چەندین نووسراویان بۆ دامەزراوەکانی عێراق کردووە، وەڵامی دامەزراوەکانیش ئاماژەدان بووە بەگەڕانەوە بۆ ئەو ماددە دەستوریانە بۆنموونە: لە برگەکانی (یەکەم، دووەم، پێنجەمی)ی ماددەی(١٢١)ی دەستوردا هاتووە:

یەکەم: دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەریان هەیە بەگوێرەی ئەم دەستوورە جگەلەو دەسەڵاتانەی کەتایبەتن بە حکومەتی فیدرالیەوە.

دووەم: حکومەتی هەرێم مافی هەمواركردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لە هەرێمەکەدا هەیە ئەگەر ناکۆکی یان دژیەك لەنێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا هەبوو لەسەر بابەتێك کە لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێت کە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵی.
پێنجەم: هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە بەتایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم.

- هەروەها لە مادەی(141) یشدا هاتووە:

کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون - لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان -ئەگەر هەموار نەکرابن یان هەڵنەوەشابنەوە بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێك پێچەوانەی دەستوور نەبێت.

٤. سەرەڕای چەندینجار جەختکردنەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و وەزارەت و دەستە سەربەخۆکان، لەسەر ڕاگرتنی دامەزراندنی فەرمانبەران، بەڵام هەندێک لەنوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بەردەوام نووسراویان بەرزکردۆتەوەو داوای دامەزراندنیان کردووە، هەموو جارێکیش وەڵامەکان نەرێنی بوون و ناوەڕۆکی نووسراوەکان ڕەتکراونەتەوە یان وتراوە لەکاتی بوونی پلەی وەزیفی بەتاڵ (شاغر) بەگوێرەی یاساو ڕێنماییەکان.

٥. زۆربەی هەرەزۆری ئەو نووسراوانەی ڕەتنەکراونەتەوە، ئەو نووسراوانەن کە ناوەڕۆکەکەیان بریتین لە داواکردنی داتاو زانیاری.

## چوارەم/ وەڵامی هەندێک لە دامەزراوەکانی حکومەتی ناوەندی. بۆ هەندێک لە نووسراوەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی:

١. ان الموضوع المبحوث عنهم انفا، ليس من اختصاص عمل ومهام (.....) الاستنادا لاحكام المادة (...) من قانون (.....) رقم (.....) لسنة (.....).

٢. ... بخصوص العاملين في اقليم كوردستان يخضعون حاليا لاحكام قانون (...) وبالامكان مفاتحة اقليم كوردستان للاجابة حول الموضوع كونها الجهة المختصة بالعاملين في اقليم.

٣. وتبدي بشأن ماورد بكتابكم المرقم (...) بأن مبالغ تعويضات المتضررين حسب قانون رقم (...) لسنة (...) المدرجة ضمن جداول تخصيصات قانون الموازنة الاتحادية لسنة (...) ليست من نفقات الحاكمة او السيادية حتى يتم صرف مستحقات الموما اليهم منه.

٤. نصت المادة (١٢١/ اولا) من الدستور العراقي:

٥. عدم وجود سند قانوني في قانون (....) رقم (...) للسنوات المالية (٢٠٢٣،٢٠٢٤،٢٠٢٥) يجيز الاعادة الى الوظيفة.

٦. نود اعلامكم بان موضوع كتابكم اعلاه ليس من ضمن مجال عمل دائرتنا حيث ان (...) موضوع البحث تقع ضمن مديرية (...) في السليمانية.

٧. مواليد ١٩٦٣ بالغ السن القانوني للتقاعد، ولا يمكن اعادته للوظيفة ضمن قانون (...).

٨. كتابكم ذى العدد (...) في (...) و بصصد الموضوع نود ان نبين الاتي: ان الرواتب التقاعدية والمعاملات الخاصة بمتقاعدي (اقليم كردستان) و بضمنها الامور المالية تخضع لتخصيصات الموازنة العامة الاتحادية، وحيث ان الراتب التقاعدي للاسرة الموما اليه من ضمن التخصيصات المالية لموازنة اقليم كردستان بالتالي لا يسعنا انجاز المعاملة التقاعدية واطلاق الراتب التققاعدي.

٩. ... ان اقضية (.... و.....) ضمن قاطع مسؤولية اقليم كوردستان.

١٠. نود اعلامكم ان موضوع كتابكم انفا، من اختصاص هيئة (...) و ليس من اختصاص الوزارة.

١١. ان موضوع مدار البحث يحتاج الى تعديل قانون (....) .

## پێنجەم/ ئامادەبوونی نوێنەران لە نووسینگەکانی سلێمانی و هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

١. لە کاتێکدا بەشێکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی پشتگیری بوونی نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەن و پێیانوایە ئەم نووسینگانە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان کراونەتەوەو راستەوخۆ نوێنەران لەگەڵ هاووڵاتیان بێجیاوازی گفتوگۆ دەکەن، لەبەرامبەردا هەندێک لە نوێنەرانی دیکەی پارێزگای سلێمانی، هاوشێوەی خولەکانی پێشوو، لەمساڵیشدا وەک پێویست گرنگییان بە ئامادەبوون لە نووسینگەکانی سلێمانی و هەڵەبجەی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)نەداوە، بە پاساوی ئەوەی بوونی ئەو نوسینگانە بەگرنگ نازانن، لە کاتێکدا ماددەی (١٥٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە: (تفتح مكاتب للمجلس في المحافظات لتأمين التواصل بين أعضاء مجلس النواب والجماهير).

٢. هاوکات ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی رابردوو بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رێژەی ئامادەبوونی نوێنەران کەمی کردووە، ئەمیش بە دوو هۆکار:

یەکەم/ ئەو نوێنەرانەی کە خۆیان کاندید کردبوو بە هۆی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە خۆیان سەردانی هاووڵاتیانیان دەکرد، وەک ئەوەی لە پێشوازی هاووڵاتیاندابن.

دووەم/ ئەو نوێنەرانەشی کە خۆیان کاندید نەکردبوویەوە، ئامادەبوونیان لەو نووسینگانە بەگرنگ نەزانیوە، چونکە پێیانوابووە کاریان وەک نوێنەرایەتی کۆتاییهاتووە.

٣. بەراورد بەساڵی رابردوو، ژمارەی ئامادەبوونی نوێنەران لە نووسینگەی سلێمانی لە (٢٠٩) ئامادەبوونەوە دابەزیوە بۆ (١٢٩)، واتا بەراورد بەساڵی رابردوو، (٨٠) ئامادەبوون کەمیکردووە.

٤. هەندێک لە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئامادەبوون لەو نووسینگانە نەبوون.

٥. بەهەمان شێوەی سالانی رابردوو، گواستنەوەی نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشێوەی کاتی، بۆ ناو ئۆفیسی (رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت) نیگەرانی لای هەندێک لە نوێنەران دروستکردووە، ئەمەو لەکاتیکدا لە سالانی رابردوودا کە نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەنێو ئۆفیسی تایبەتی تایبەتی خۆیدابووە، بەلام ئامادەبوونی هەندێک لە نوێنەران هەروەک پێویست نەبووە.

٦. ئەگەرچی لە پارێزگای هەڵەبجە نووسینگەی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) هەیە، کە لەبارەگای فەرمی ئەنجومەنی نوێنەراندایە، بەلام نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بەگشتی و نێونەرانی سنوری بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٣)ی هەڵەبجە بەتایبەتی، ئامادەبوونیان لە نووسینگەکەدا وەک پێویست نەبووە.

٧. لیستی ئامادەبوونی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە نووسینگەکانی (سلێمانی و هەڵەبجە)دا لە راپۆرتەکەدا خراونەتەڕوو، ئەویش بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانەی کە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە نووسینگەکاندا مەبەستێتی بەدیبێت.

٨. لەماوەی ئەم ساڵدا و لەکۆی (١٨) نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانی (٨) نوێنەر هیچ ئامادە بوونێکیان لەنووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەبووە.

٩. لەماوەی ئەم ساڵدا و لەکۆی (١٨) نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانی (١٠) نوێنەر هیچ ئامادە بوونێکیان لەنووسینگەی هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەبووە.

## پێنجەم/ نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی.

١. لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢١/١٠/١٠)دا پارێزگای سلێمانی بەسەر (٥) بازنەدا دابەشکرا، (٦) لە نوێنەرانی ئەم خولە لە سنووری بازنەکانی خۆیان نووسینگەی فەرمی تایبەت بە خۆیان کردوەوە، لەسنووری بازنەکانی هەڵبژاردنی ژمارە (٤،٣،١) هەریەکە لە نوێنەران (رێبوار ئەورەحمان، ئاریان عەزیز تاوگۆزی، سروە عبدالواحد) نووسینگەی تایبەت بەخۆیان لە (سلیممانی، هەڵەبجە، رانیە)کردوەوە، بەڵام هەرسێ نوێنەرەکە،دوای ماوەیەکی کەم نووسینگەکانیان داخست.

٢. لە سنووری بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٤) هەریەکە لە نوێنەران (غەریب ئەحمەد، سۆران عمر)، نووسینگەی تایبەت بەخۆیان کردوەوە، هەتا کۆتایی خولەکە نووسینەگەکانیان بەردەوامیانن هەبوو.

٣. لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٤)یشدا لەسنوری بازنەی (٢)ی هەڵبژاردن، نوێنەر (بڕیار رەشید شەریف) نوسینگەیەکی تایبەتی کردوەوە.

٤. نووسینگەکان زیاتر بۆ پێشوازی هاووڵاتیان و گفتگۆیەکی کاتی نمایش کردن بوو، کەمتر هاووڵاتیان و فەرمانگەکان سکاڵاو داواکاریان بەشێویە نووسراو پێشکەش ئەو نووسینگانە کردووە.

٥. لاوازییەکی زۆر بە ئەرشیفکردنی سکاڵاو داواکاری هاووڵاتیان لە نووسینگەکان بەدیدەکرێن.

# بەشی پێنجەم

- چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ خولی پێنجەم.
- چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ خولی پێنجەم (٢٠٢١- ٢٠٢٥)، نوێنەرایەتی ژنانی پارێزگای سلێمانی لەخولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی

# چالاکییەکانی پڕۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) تایبەت بە نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ خولی پێنجەم/ (٢٠٢٢ -٢٠٢٥).

ئەگەرچی لەمانگی (تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١) هەڵبژاردن بۆ خولی پێنجەم ئەنجامدرا، بەڵام بەهۆی ناڕازیبوونی لایەنەکان لە ئەنجامەکان، سوێندخواردنی ئەندامان بۆ (٢٠٢٢/١/٩) دواکەوت، هەربۆیە نوێنەران لە ساڵی (٢٠٢١)دا هیچ چالاکییەکەیان نەبووە.

لەسەرەتای دەستپێکی خولی پێنجەمی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، (رێکخراوی کوردستان بۆهەمووان) لەچوارچێوەی (پرۆژەی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی)دا لە سنوری هەر پێنج بازنەکەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی چەندین چالاکی جیاوازی ئەنجامداوە، بەئامانجی:

١. نزیکردنەوەی دەنگدەرو دەنگپێدراو.

٢. نزیکردنەوەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

٣. هاندانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی بۆ ئەوەی کاری هاوبەش بەشێوەی تیم بۆ خزمەتی زیاتری پارێزگاکە ئەنجامبدەن.

٤. دروستکردنی کێبرکێیەکی تەندروست لە نێوان نوێنەراندا، بۆ ئەوەی زۆرترین بەدەمەوەچوونیان هەبێت بۆ هاووڵاتیان و هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان.

## چالاکییەکانی پرۆژەی (پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانی) بریتین لە:

یەکەم/ ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی (رێبەری نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ خولی پێنجەم بەهەرسێ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی). لەسەرەتای دەستپێکی هەرخولێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) رێبەرێکی تایبەتی بڵاوکردۆتەوە بەمەبەستی ناساندنی زیاتری نوێنەران بە هاووڵاتیان و رێگاکانی پەیوەندیکردنی هاووڵاتیان بە نوێنەرانەوە.

دووەم/ ئەنجامدانی (١١) گفتوگۆیکراوە لەنێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و فەرمانگە فیدراڵییەکان و هاووڵاتیان وکەناڵەکانی راگەیاندن لە هەر پێنج بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی (قەزای ناوەندی سلێمانی، پارێزگای هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی راپەڕین).

لەم گفتوگۆکراوانەدا زیاتر لە (٦٠ ) فەرمانگە و (٢٤٠) کەس بەشدارییان کردووە، هاوکاتیش (٢٣) جار نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشدارییان لە گفتوگۆکراوەکاندا کردووەو دوابەدوای هەر چالاکییەکیش نوێنەران چەندین نووسراو و سەردانیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامداوە بۆ گەیاندنی داواکاری و کێشەی ئەو فەرمانگانەو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەی کێشەکان.

سێیەم/ ئامادەو پێشکەشکردنی (٣٠) سی بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ و گفتوگۆکردن لەسەر زیاتر لە (١٠٠) سەد تەوەر لەگەڵ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانیدا.

چوارەم/ سەردانیکردنی نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو بەدواداچوون بۆ رادەی ئامادەبوونی نوێنەران لەو نووسینگانە بەمەبەستی چاوپێکەوتنی رووبەڕوو لەگەڵ هاووڵاتیاندا.

پێنجەم/ سەردانیکردنی نووسینگە تایبەتەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی. لە خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەراندا.

شەشەم/ ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی (٤) چوار راپۆرتی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن لەسەر ئاستی بەجێگەیاندنی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی.

خشتەی ژمارە (١٧)
ئەنجامدانی (١١) گفتوگۆیکراوە بۆ نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی
لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

| ز | ڕێککەوت | چالاکی | نوێنەرانی بەشداربوو |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠٢٢/٩/٢٦ | گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەستەی سەرۆکایەتی وسەرۆک فراکسیۆنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، تایبەت بە کێشەو گرفتە سەرەکییەکانی پارێزگای سلێمانی. | • بریار رەشید شەریف<br>• موسەننا ئەمین نادر<br>• یادگار مەحمود<br>• سۆران عمر سەعید |
| ٢. | ٢٠٢٣/٢/٥ | گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەشێک لە فەرمانگە فیدراڵییەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان. | • سروە محەمەد رەشید<br>• شوان محمد رۆستەم |
| ٣. | ٢٠٢٣/3/٩ | گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ چەند فەرمانگەیەکی سەر بەوەزارەتی بازرگانی. | • نەرمین معروف غەفور |
| ٤. | ٢٠٢٣/٤/١١ | گفتوگۆیکراوەی نێوان ئەندامانی لیژنەی بازرگانی و پیشەسازی و ئاوری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و چەند فەرمانگەیەکی سەربەوەزارەتی بازرگانی لە پارێزگای هەڵەبجە. | • بریار رەشید شەریف<br>• مۆفەق حسین<br>• سۆران عمر سەعید |
| ٥. | ٢٠٢٣/٤/٢٧ | گفتوگۆی کراوەی نوێنەرانی سنوری بازنەی ژمارە (٣)ی هەڵبژاردن و بەشێک لە فەرمانگە فیدراڵییەکانی پارێزگای هەڵەبجە. | • چرۆ حەمە شەریف<br>• موسەنا ئەمین نادر<br>• ئاریان عەزیز |
| ٦. | ٢٠٢٣/٦/٢٠ | گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی. | • دارا حەمە احمد<br>• بریار رەشید شەریف |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٧ | ٢٠٢٣/٧/١١ | گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لیوای (١)ی پاسەوانی سنور. | • نەرمین معروف غەفور<br>• شوان محمد رۆستەم |
| .٨ | ٢٠٢٣/٧/٢٤ | گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لیوای (٢١)ی پاسەوانی سنور. | • دارا حەمە احمد<br>• نەرمین معروف غەفور |
| .٩ | ٢٠٢٣/٨/٩ | گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامەو باری شارستانی پارێزگای سلێمانی. | • موسەنا ئەمین نادر<br>• بڕیار رەشید شەریف |
| .١٠ | ٢٠٢٣/٩/٢٥ | گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکی ناوەندی هەرێم/ لقی سلێمانی. | • نەرمین معروف غەفور |
| .١١ | ٢٠٢٤/٧/٣ | گفتوگۆیکراوەی نێوان نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەشێک لە فەرمانگە فیدراڵییەکانی سنوری ئیدارەی راپەڕین. | • سۆران عمر<br>• غریب احمد |

**خشتەی ژمارە(١٩)**
**ئامادەبوونی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە چالاکییەکانی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەموون)دا**

| ز | نوێنەرانی بەشداربوو | ژمارەی بەشداری |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| ١ | نەرمین مەعروف غەفور | ٤ |
| ٢ | بڕیار ڕەشید شەریف | ٤ |
| ٣ | موسەننا ئەمین | ٣ |
| ٤ | سۆران عمر سەعید | ٣ |
| ٥ | دارا حەمە ئەحمەد | ٢ |
| ٦ | شوان محمد رۆستەم | ٢ |
| ٧ | مۆفەق حسین قادر | ١ |
| ٨ | ئاریان عەزیز تاوگۆزی | ١ |
| ٩ | غریب احمد مستەفا | ١ |
| ١٠ | سروە محەمەد ڕەشید | ١ |
| ١١ | یادگار مەحمود نەسروڵا | ١ |
| | کۆی گشتی | ٢٣ |

**تێبینی:** بۆ بەشداریکردن لەسەرجەم چالاکییەکان، تیمی پڕۆژە لەهەوڵدا بووە بۆ ئەوەی (١٨) نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانی لەسەرجەم فراکسیۆنەکان، بەشداری چالاکییەکان بکەن، بەڵام دوای چەندینجار پەیوەندیکردن، (٧) حەوت نوێنەر لە چالاکییەکاندا ئامادەنەبوون.

## چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق/ خولی پێنجەم (٢٠٢٢ -٢٠٢٥)

(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) لەچوارچێوەی بەرنامەی لیستەکان بۆ هەڵبژاردن و بەڵێنی کاندیدەکان بۆ خولی پێنجەمی (ئەنجومەنی

نوێنەرانی عێراق)، بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواداچوون و هەڵسەندگاندنی بۆ چالاکییەکانی نوێنەران کردووەو بەردەوام تیمی پرۆژە هاندەرێکی زۆر باشبوون بۆ نوێنەران هەتا زۆرترین چالاکیی ئەنجامبدەن و زۆرترین بەدەمەوەچوونیان بۆ هاووڵاتیان هەبێت.

لەم خولەشدا چەندینجار و لەچەندین بۆنەی جیاوازدا، هەندێک لە نوێنەران ستایشی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) کردووەو پرۆژەی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانیان بەگرنگ زانیوەو بەسینەیەکی فراوانەوە راپۆرتەکانی هەڵسەنگاندنیان وەرگرتووە. لەبەرامبەریشدا بەشێکی دیکەی نوێنەران لەگەڵ پرۆژەکەدا نەبوون بەتایبەت بڵاوکردنەوەی راپۆرتی کۆتایی لەو پێناوەشدا بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەک، تۆمەتییان بۆ رێکخراو هەڵدەبەست.

لەماوەی ساڵانی (٢٠٢٢- ٢٠٢٥)و لەچوار راپۆرتدا (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) رووماڵی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانیان کردووەو جوڵەو چالاکی نوێنەرانیان بۆ هاووڵاتیان و دەنگداران و رایگشتی بڵاوکردۆتەوە، لە چوار راپۆرتی تایبەتدا، داتاو زانیاری و ژمارەی چالاکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، خراونەتەڕوو، کە بریتیبوون لە:

**یەکەم/ ژمارەی ئەوچالاکییانەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کە بۆ تیمی پرۆژەیان پشتراستکردۆتەوە.**

**دووەم/ ژمارەی تێچینەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

**سێیەم/ ئامادەبوونی نوێنەران لە نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

چوارەم/ نموونەی هەندێک لەو هەوڵانەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کە ئەنجامیان هەبووە.

## یەکەم/ ژمارەی ئەوچالاکییانەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کە بۆ تیمی پرۆژەیان پشتراستکردۆتەوە.

لەخولی پێنجەمیشدا (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بەشێوەیەکی بەردەوام چاودێری و بەدواداچوونی بۆ جوڵەو چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) کردووەو دواتریش چالاکییەکان پاش پۆلێنکردنیان و پێش بڵاوکردنەوەیان نێردراونەتەوە بۆ نوێنەران، تا پشتراستی چالاکییەکان بکەنەوەو هەرچالاکییەکیش ئەگەر نەگەیشتبێتە تیمی پرۆژە، بۆ تیمی پرۆژەیان ناردووەو لە خشتەی تایبەت بە چالاکییەکانی نوێنەران جێگیرکراون، لەماوەی خولی پێنجەمیشدا (٤٤٤٦) چالاکی گەیشتوونەتە تیمی پرۆژە، لەخشتەی چالاکییەکاندا دەردەکەوێت کە لە ساڵی یەکەم و چوارەمی نوێنەرایەتیدا کەمترین چالاکی ئەنجامدراون.

خشتەی ژمارە (٢٠)

بەراوردی کۆی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

| ماوە | ژمارەی چالاکی |
| --- | --- |
| ساڵی یەکەمی نوێنەرایەتی | ٥٥٩ |
| ساڵی دووەمی نوێنەرایەتی | ١٣٠٣ |
| ساڵی سێیەمی نوێنەرایەتی | ١٦٥٨ |
| ساڵی چوارەمی نوێنەرایەتی | ٩٢٦ |
| کۆی گشتی | ٤٤٤٦ |

**تێبینی**: لە راپۆرتی هەشتەمی پارێزگای سلێمانی و نوێنەرانیدا، ژمارەی تێچینەکانی نوێنەران بڵاونەکرابوونەوە ، لێرەدا کۆی تێچین (مداخلە)کانی ساڵی یەکەمی نوێنەرایەتی کە ژمارەیان (٨٦) تێچینە خستۆتە سەرکۆی چالاکی ساڵی یەکەمی نوێنەران.

خشتەی ژمارە (٢١)

کۆی چالاکی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کە گەیشتوونەتە تیمی پڕۆژە
لەماوەی (٢٠٢٢- ٢٠٢٥)

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بڕیار ڕەشید شەریف | ٥٧ | ١٥٢ | ٢٠٨ | ١٠٦ | ٥٢٣ |
| ٢ | نەرمین مەعروف غەفور | ٤٠ | ٨٩ | ١٨٠ | ١٣٢ | ٤٤١ |
| ٣ | سۆران عمر سەعید | ٤٨ | ١٢٢ | ٢١٣ | ٣٢ | ٤١٥ |
| ٤ | موسەننا ئەمین نادر | ٧٣ | ١٣٢ | ١٢٤ | ٧٣ | ٤٠٢ |
| ٥ | سروە محمد ڕەشید | ٤١ | ٧١ | ١١١ | ٩١ | ٣١٤ |
| ٦ | کاروان عەلی یارەویس | ٢٧ | ٨٢ | ١٢٠ | ٨١ | ٣١٠ |
| ٧ | غەریب احمد مستەفا | ٣٨ | ٨٦ | ١٠٢ | ٨٠ | ٣٠٦ |
| ٨ | دارا حەمە ئەحمەد | ١٦ | ٧٠ | ٩٢ | ٨٩ | ٢٦٧ |
| ٩ | چرۆ حەمە شەریف | ٢٦ | ٧٣ | ٨٤ | ٥٠ | ٢٣٣ |
| ١٠ | ئاسۆ فەریدون عەلی | ٣٦ | ٨٧ | ٤٨ | ٣٠ | ٢٠١ |
| ١١ | بەدریە حسین عەزیز | ٣٢ | ٦٥ | ٦٤ | ٤٠ | ٢٠١ |
| ١٢ | ڕێبوار ئەوڕەحمان | ١٥ | ٧٦ | ٨١ | ١٥ | ١٨٧ |
| ١٣ | شوان محمد ڕۆستەم | ١٤ | ٣٩ | ٤٨ | ٤٢ | ١٤٣ |
| ١٤ | سروە عبدالواحد قادر | ٢٣ | ٢٩ | ٥٨ | ٢٠ | ١٣٠ |
| ١٥ | یادگار مەحمود نەسروڵا | ١٥ | ٥٣ | ٤٧ | ١٥ | ١٣٠ |
| ١٦ | ئاریان عەزیز تاوگۆزی | ٢٧ | ٢٨ | ٣٧ | ١٥ | ١٠٧ |
| ١٧ | مۆفەق حسین قادر | ٢٢ | ٢٩ | ٤١ | ١٥ | ١٠٧ |
| ١٨ | بەدریە ابراهیم ڕەشید | ٩ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٢٩ |
| | کۆی گشتی | ٥٥٩ | ١٣٠٣ | ١٦٥٨ | ٩٢٦ | ٤٤٤٦ |

**دووەم/ ژمارەی تێچینەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لەماوەی (٢٠٢٢- ٢٠٢٥).**

یەکەم/ لە ماوەی چوار ساڵی خولی پێنجەمدا لەکۆی (١٤٨) سەدو چل و هەشت، دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نوێنەران تێکڕا (٥٣) پەنجاو سێ تێچینیان هەبووە.

دووەم/ لەساڵی یەکەمی خولەکەدا، نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی زۆرترین تێچین و لە ساڵی چوارەمی خولەکەدا، کەمترین تێچینیان هەبووە.

سێیەم/ لە ماوەی خولی پێنجەمدا لەکۆی (١٤٨) سەدو چل و هەشت، دانیشتنی ئەنجومەنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، (١٨) نوێنەرەکەی پارێزگای سلێمانی (٢٥٨) دووسەد و پەنجاو هەشت تێچینیان هەبووە.

خشتەی ژمارە (٢٢)

ژمارەی تێچینەکان بەگوێرەی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، (٢٠٢٢- ٢٠٢٥)

| ساڵ | کۆی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوینەران | ژ. ئەو نوێنەرانەی تێچینیان هەبووە | ژ. ئەو نوێنەرانەی تێچینیان نەبووە |
|---|---|---|---|
| یەکەم | ٢٧ | ١٦ | ٢ |
| دووەم | ٥٨ | ١٦ | ٢ |
| سێیەم | ٤٧ | ١١ | ٦ |
| چوارەم | ١٦ | ١٠ | ٨ |
| سەرجەم | ١٤٨ | ٥٣ | ١٨ |

خشتەی ژمارە (٢٣)

کۆی گشتی تێچینەکان لەماوەی (٢٠٢٢- ٢٠٢٥)

| ساڵ | کۆی تێچینەکان |
|---|---|
| یەکەم | ٨٦ |
| دووەم | ٧٧ |
| سێیەم | ٧٢ |
| چوارەم | ٢٣ |
| سەرجەم | ٢٥٨ |




خشتەی ژمارە (٢٤)

کۆی گشتی تێچینەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لەماوەی (٢٠٢٢- ٢٠٢٥)

| ز | نوێنەر | ساڵی | ساڵی | ساڵی | ساڵی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | یەکەم | دووەم | سێیەم | چوارەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | موسەننا ئەمین نادر | ٢٤ | ٢١ | ١٨ | ٥ | ٦٨ |
| ٢ | غەریب احمد مصطفى | ٨ | ١٢ | ١٤ | ١ | ٣٥ |
| ٣ | بریار رشید شریف | ٦ | ٥ | ١٥ | ٣ | ٢٩ |
| ٤ | سروە عبدالواحد قادر | ١٢ | ٨ | ٢ | ٥ | ٢٧ |
| ٥ | دارا حمە احمد | ٤ | ٣ | ٧ | ١ | ١٥ |
| | سروە محمد رشید | ٦ | ٥ | ٣ | ١ | ١٥ |
| ٦ | سۆران عمر سعید | ٣ | ٢ | ٦ | ٢ | ١٣ |
| ٧ | ڕێبوار ئەورەحمان | ٣ | ٦ | ١ | ٢ | ١٢ |
| ٨ | نەرمین مەعروف غفور | ٤ | ٣ | ٢ | ٢ | ١١ |
| ٩ | مۆفەق حسین قادر | ٤ | ٣ | ٠ | ٠ | ٧ |
| ١٠ | ئاسۆ فەریدون علی | ٣ | ٢ | ١ | ٠ | ٦ |
| ١١ | شوان محمد ڕوستم | ٢ | ٢ | ٠ | ١ | ٥ |
| ١٢ | چرۆ حەمە شەریف | ٢ | ١ | ١ | ٠ | ٤ |
| | یادگار مەحمود نەسروڵا | ٢ | ٢ | ٠ | ٠ | ٤ |
| ١٣ | ئاریان عەزیز ئەحمد | ٢ | ١ | ٠ | ٠ | ٣ |
| ١٤ | کاروان علی یاروەیس | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ٢ |
| | بەدریە ابراهیم رشید | ٠ | ٠ | ٢ | ٠ | ٢ |
| ١٥ | بەدریە حسێن عەزیز | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | کۆی گشتی | ٨٦ | ٧٧ | ٧٢ | ٢٣ | ٢٥٨ |

## سێیەم/ ئامادەبوونی نوێنەران لە نووسینگەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

**١. ئامادەبوون لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:**

لەماوەی چوارساڵی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی (٧١٧) حەوت سەدو حەڤدە جار ئامادەییان لە

نووسینگەی سلێمانی هەبووە، زۆرترین ئامادەبوون لە ساڵی دووەمدا بووەو کەمترین ئامادەبوونیش لەساڵی کۆتایی خولەکەدا بووە:

خشتەی ژمارە (٢٥)

ئامادەبوون لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەماوەی ( ٢٠٢٢-٢٠٢٥)

| ماوە | ژمارەی ئامادەبوون |
|---|---|
| ساڵی یەکەمی نوێنەرایەتی | ١١٤ |
| ساڵی دووەمی نوێنەرایەتی | ٢٦٥ |
| ساڵی سێیەمی نوێنەرایەتی | ٢٠٩ |
| ساڵی چوارەمی نوێنەرایەتی | ١٢٩ |
| کۆی گشتی | ٧١٧ |




عێراق لەماوەی ( ٢٠٢٢-٢٠٢٥)

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بڕیار ڕەشید شەریف | ١٥ | ٩٧ | ٦٨ | ١٦ | ١٩٦ |
| ٢ | دارا حەمە ئەحمەد | ١٦ | ٤٠ | ٧٦ | ٥١ | ١٨٣ |
| ٣ | سۆزان عمر سەعید | ٢٩ | ٣٥ | ٣٢ | ١٦ | ١١٢ |
| ٤ | موسەننا امین نادر | ٢٤ | ٤١ | ٦ | ١٥ | ٨٦ |
| ٥ | نەرمین مەعروف غەفور | ٣ | ١٤ | ١٨ | ٢٤ | ٥٩ |
| ٦ | ڕێبوار ئەوڕەحمان | ٢ | ١٦ | ٢ | ٢ | ٢٢ |
| ٧ | یادگار مەحمود نەسروڵا | ٣ | ٥ | ٣ | ٠ | ١١ |
| ٨ | ئاسۆ فەریدون عەلی | ٥ | ١ | ١ | ٠ | ٧ |
| ٩ | شوان محمد ڕۆستەم | ١ | ٤ | ١ | ١ | ٧ |
| ١٠ | بەدریە ابراهیم ڕەشید | ٢ | ٣ | ١ | ١ | ٧ |
| ١١ | مۆفەق حسین قادر | ٣ | ١ | ٠ | ٢ | ٦ |
| ١٢ | ئاریان عەزیز تاوگۆزی | ٢ | ٢ | ٠ | ١ | ٥ |
| ١٣ | غەریب احمد مستەفا | ٢ | ٢ | ٠ | ٠ | ٤ |
| ١٤ | کاروان عەلی یاروەیس | ٢ | ١ | ١ | ٠ | ٤ |
| ١٥ | بەدریە حسێن عەزیز | ٢ | ٢ | ٠ | ٠ | ٤ |
| ١٦ | چرۆ حەمە شەریف | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ٢ |
| ١٧ | سروە محمد ڕەشید | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| ١٨ | سروە عبدالواحد قادر | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| | کۆی گشتی | ١١٤ | ٢٦٥ | ٢٠٩ | ١٢٩ | ٧١٧ |

## ٢. ئامادەبوون لە نووسینگەی هەڵبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

لەماوەی چوارساڵی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کەمترین ئامادەییان هەبووە لە نووسینگەی هەڵەبجەو بەشێکیشیان تەنها لە (٣/١٦)دا یەکجار سەردانی نووسینگەکەیان کردووە، لەکۆی ئەو سێ نوێنەرەی سنوری بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٣)شدا تەنها نوێنەر (چرۆ حەمە شەریف) زۆرترین ئامادەبوونی هەبووە.

**خشتەی ژمارە (٢٧)**

**ئامادەبوونی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، لە نووسینگەی هەڵەبجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ماوەی (٢٠٢٢- ٢٠٢٥)**

| ز | ناوی نوێنەر | ژمارەی ئامادەبوون |
|---|---|---|
| ١ | چرۆ حەمە شەریف | ١٥ |
| ٢ | موسەنا ئەمین نادر | ٦ |
| ٣ | ئاریان عەزیز تاوگۆزی | ٣ |
| ٤ | بریار ڕەشید شەریف | ٢ |
| ٥ | شوان محەمەد روستەم | ١ |
| ٦ | نەرمین مەعروف غەفور | ١ |
| ٧ | سروە محەمەد رەشید | ١ |
| ٨ | کاروان عەلی یاروەیس | ١ |
| ٩ | یادگار مەحمود نەسروڵا | ١ |
| ١٠ | دارا حمە احمد | ٠ |
| ١١ | سۆران عمر سەعید | ٠ |
| ١٢ | ریبوار ئەورەحمان | ٠ |
| ١٣ | مۆفەق حسین قادر | ٠ |
| ١٤ | بەدریە ابراهیم رشید | ٠ |
| ١٥ | ئاسۆ فەریدون علی امین | ٠ |
| ١٦ | غەریب احمد مصطفى | ٠ |
| ١٧ | بەدریە حسین عزیز | ٠ |
| ١٨ | سروە عبدالواحد قادر | ٠ |
| | کۆی گشتی | ٣١ |

## چوارەم/ نموونەی هەندێک لەو هەوڵانەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کە ئەنجامیان هەبووە:

**بۆ خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چ بەڵێنێک درا؟ چ بەڵێنێک جێبەجێکرا؟**

سەرەتا گرنگە بزانین نوێنەرانی خولی پێنجەم، چ بەڵێنێکیان بە هاووڵاتیانداوەو دواتریش سەیری ئەوە بکەین کە بەدەستیان هێناوە.

بەرنامەی هەڵبژاردن: بریتییە لە پلانی کاری قەوارە یان پارتێك یان کاندیدێکی هەڵبژاردن بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدات دوای بەدەستهێنانی دەنگی پێویست و بوونی بە ئەندامی پەرلەمان یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت)، بێگومان بەڵێنی و بەرنامەی هەڵبژاردن بۆ چوار ساڵی تەمەنی خولی پەرلەمانییە، لەم ڕاپۆرتەدا بەگرنگی دەزانین پووختەی کارنامەی **هەڵبژاردنی قەوارە و پارتە سیاسەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی** (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)، بخەینەڕوو، لەپاڵ کارنامەی لیستەکانیشدا، هەوڵ و بەدواداچوونەکانی نوێنەران و ئەوەی بەدەستهاتووە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێبدەین

**بەشێوەیەکی گشتی پووختەی بەرنامەی هەڵبژاردنی قەوارە و پارتە سیاسەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی** (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) **بریتیبووە لە:**

١. **چاکسازیکردن لە: سێکتەرەکانی: (کارگێڕی، ئابوری، تەندروستی و ژینگە، پەروەردە، خوێندنی باڵا، وەرزش، کۆمەڵایەتی... هتد).**
٢. **ڕەخساندنی هەلی کار.**
٣. **گرنیگیدان بە گەنجان، ژنان، شەهیدان و ئەنفالکراوان.**
٤. **چاکسازی لەناو دامەزراوەکانی فیدراڵی و چەسپاندنی لامەرکەزیەتی کارگێڕی و بەهێزکردنی.**
٥. **گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە.**
٦. **دابەشکردنی مووچە مانگانە لەکاتی خۆیدا.**
٧. **بەگژداچونەوەی گەندەڵی.**
٨. **جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستوور.**

٩. پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدڕاڵی.
١٠. دەنگی کورد یەکدەخەن

لە ماوەی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی، چەندین هەوڵ و بەدواداچوونیان بۆ کێشەو گرفتەکان کردووە، هەندێک لە هەوڵەکان، ئەنجامی ئەرێنیان هەبووە، لەگرنگترین ئەو هەوڵانەی (گەیشتوونەتە تیمی پڕۆژە) بریتین لە:

١. **دادگای فیدراڵی** ماددەی دووی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی هەڵوەشاندەوە کە دەستەواژەی (حصري) تێدابووە تایبەت بە کۆمسیۆنی هەرێم، لە بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵیدا هاتووە؛ ئەو کۆمسیۆنە بە تەنها بۆی نییە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکات.
٢. ڕاگرتنی کارەکانی (پەرلەمانی کوردستان) و (ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم) لەلایەن دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقەوە.
٣. هێنانەکایەی پارێزگای هەڵەبجە، (لەخولەکانی پێشووشدا نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کاریان لەسەر ئەم بابەتەکردبوو).
٤. هاوتاکردنی مووچەی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ مووچەی خانەنشینانی عێراق، (لەخولەکانی پێشووشدا نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کاریان لەسەر ئەم بابەتەکردبوو).
٥. کێشەو گرفتی کارمەندە گرێبەستەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان. (لەخولەکانی پێشووشدا نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کاریان لەسەر ئەم بابەتەکردبوو).
٦. شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێم بۆ ساڵەکانی (٢٠١٤ – ٢٠١٥ - ٢٠١٦)، (لەخولەکانی پێشووشدا نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کاریان لەسەر ئەم بابەتەکردبوو).

٧. هاوتاکردنی مووچە و ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی ناوچە جێناکۆکەکان لەگەڵ مووچەو ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی عێراق، (لەخولەکانی پێشووشدا نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی کاریان لەسەر ئەم بابەتەکردبوو).

٨. دیاریکردنی رۆژی (٣/١٦)ی هەمووساڵێک بە پشووی فەرمی لە سەرتاسەری عێراقدا.

٩. هەڵگرتنی قەدەغەی هاتووچۆ لەسەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.

١٠.دانپێدانی زانکۆی چەرموو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق.

١١.دانپێدانانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی عێراق، بە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی کۆیە.

١٢.وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراق (زانکۆی راپەڕین)ی خستە نێو پێڕستی ڕێبەری زانکۆ دانپێدانراوەکانی حکومەتی عێراق.

١٣.لادانی بەڕێوەبەری لقی سلێمانی بانکی بازرگانی عێراقی (TBI).

١٤.گەڕاندنەوەی چەندین هاووڵاتی هەرێم کە لەکاتی کۆچیان بۆ وڵاتانی دیکە و گیرابوون و لە بەندیخانەدابوون، لەگەڵ گەڕانەوەی تەرمی چەند پەنابەرێکی دیکەی کورد بۆ هەرێمی کوردستان.

١٥.دابەشکردنی زیاد لە (١٠٠٠)هەزار (سەبەتەی خۆراك و پێداویستی رۆژانە) بەسەر هەژاران و خاوەن پێداویستی تایبەتدا لەلایەن نوێنەرانی پارێزگای سلێمانییەوە لەمانگی رەمەزان و چەند بۆنەیەکی دیکدا.

# نوێنەرایەتی ژنانی پارێزگای سلێمانی
# ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
# خولی پێنجەم
## (٢٠٢٢-٢٠٢٥)

لەخـــــولی (پێنجەمـــــی ئەنجــــومەنی نـــــوێنەرانی عێراقـــــدا، پارێزگـــــای ســـــلێمانی، (٧) نـــــوێنەری ژنـــــی لە ئەنجـــــومەنەکە هەبـــوو، لەم بەشـــدا تیشـــکخراواتەوە ســـەر جـــوڵە و چـــالاکی ئەوژنانە لەماوەی خولەکەدا، لەم بوارانەی خوارەوەدا:

یەکەم کـــۆی چـــالاکی ژنـــانی نـــوێنەری پارێزگـــای ســـلێمانی کە گەیشتوونەتە تیمی پڕۆژە لەماوەی (٢٠٢٢/١/٩- ٢٠٢٥/٩/٣٠).

دووەم/ تێچینەکـــانی ژنـــانی نـــوێنەر لەدانیشـــتنەکانی ئەنجـــومەنی نوێنەرانی عێراقدا. لەماوەی (٢٠٢٢/١/٩- ٢٠٢٥/٩/٣٠).

ســـێیەم/ ئامـــادەبوونی ژنـــان لەهەر دوو نووســـینگەی (ســـلێمانی و هەڵەبـــجە)ی ئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێـــراق لەمـــاوەی (٢٠٢٢/١/٩- ٢٠٢٥/٩/٣٠).

چـــوارەم/ چالاکییەکـــانی نـــوێنەرانی پارێزگـــای ســـلێمانی لە ئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێـــراق. لە مـــاوەی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٥). لەســـەر ئاستی هەر (٥) بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی.

خشـــتەی ژمـــارە (٢٧) کـــۆی چـــالاکی ژنـــانی نـــوێنەری پارێزگـــای ســـلێمانی لەئەنجـــومەنی نـــوێنەرانی عێـــراق، (ئەوانەی کە گەیشـــتوونەتە تیمـــی پـــڕۆژە) لە (٢٠٢٢-٢٠٢٥)دا روون دەکاتەوە.

## خشتەی ژمارە (٢٨)

چالاکی ژنانی نوێنەری پارێزگای سلێمانی کە گەیشتوونەتە تیمی پرۆژە لە (٢٠٢٢- ٢٠٢٥)

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەرمین مەعروف غەفور | ٤٠ | ٨٩ | ١٨٠ | ١٣٢ | ٤٤١ |
| ٢ | سروە محمد رەشید | ٤١ | ٧١ | ١١١ | ٩١ | ٣١٤ |
| ٣ | چرۆ حەمە شەریف | ٢٦ | ٧٣ | ٨٤ | ٥٠ | ٢٣٣ |
| ٤ | بەدریە حسین عەزیز | ٣٢ | ٦٥ | ٦٤ | ٤٠ | ٢٠١ |
| ٥ | سروە عبدالواحد قادر | ٢٣ | ٢٩ | ٥٨ | ٢٠ | ١٣٠ |
| ٦ | یادگار مەحمود نەسروڵا | ١٥ | ٥٣ | ٤٧ | ١٥ | ١٣٠ |
| ٧ | بەدریە ابراهیم رەشید | ٩ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٢٩ |
| | کۆی گشتی | ١٨٦ | ٤٠٠ | ٥٤٤ | ٣٤٨ | ١٤٧٨ |



**خشتەی ژمارە (٢٩)**

**تێچینەکانی ژنانی نوێنەر لەدانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەماوەی (٢٠٢١/١/٩- ٢٠٢٥/٩/٣٠)**

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سروە عبدالواحد قادر | ١٢ | ٨ | ٢ | ٥ | ٢٧ |
| ٢ | سروە محمد رشيد | ٦ | ٥ | ٣ | ١ | ١٥ |
| ٣ | نەرمین مەعروف غفور | ٤ | ٣ | ٢ | ٢ | ١١ |
| ٤ | چرۆ حەمە شەریف | ٢ | ١ | ١ | ٠ | ٤ |
| ٥ | یادگار مەحمود نەسروڵا | ٢ | ٢ | ٠ | ٠ | ٤ |
| | بەدریە ابراهیم رشید | ٠ | . | ٢ | ٠ | ٢ |
| ٦ | بەدریە حسێن عەزیز | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | **کۆی گشتی** | **٢٦** | **١٩** | **١٠** | **٨** | **٦٣** |



خشتەی ژمارە (٣٠)

ئامادەبوونی ژنانی نوێنەر لە نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەرمین مەعروف غەفور | ٣ | ١٤ | ١٨ | ٢٤ | ٥٩ |
| ٢ | یادگار مەحمود نەسرولا | ٣ | ٥ | ٣ | ٠ | ١١ |
| ٣ | بەدریە ابراهیم رەشید | ٢ | ٣ | ١ | ١ | ٧ |
| ٤ | بەدریە حسین عەزیز | ٢ | ٢ | ٠ | ٠ | ٤ |
| ٥ | چرۆ حەمە شەریف | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ٢ |
| ٦ | سروە محمد رەشید | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| ٧ | سروە عبدالواحد قادر | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| کۆی گشتی | | ١٣ | ٢٥ | ٢٢ | ٢٥ | ٨٥ |



# کۆی گشتی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق /(خولی پێنجەم) لەسەر ئاستی بازنەکانی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی (٢٠٢٢- ٢٠٢٥)

خشتەی ژمارە (٣١)

کۆی گشتی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (خولی پێنجەم)

| ز | بازنەی هەڵبژاردن | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | بازنەی یەکەم | ٨٦ | ٢٨٨ | ٤٠٠ | ٢٥١ | ١٠٢٥ |
| ٢. | بازنەی دووەم | ١٠٢ | ٢٥٩ | ٢٥٦ | ١٣٦ | ٧٥٣ |
| ٣. | بازنەی سێیەم | ١٢٦ | ٢٣٣ | ٢٤٥ | ١٣٨ | ٧٤٢ |
| ٤. | بازنەی چوارەم | ١٤١ | ٣٠٢ | ٤٣٧ | ١٧٢ | ١٠٥٢ |
| ٥. | بازنەی پێنجەم | ١٠٤ | ٢٢١ | ٣٢٠ | ٢٢٩ | ٨٧٤ |
| سەرجەم | | ٥٥٩ | ١٣٠٣ | ١٦٥٨ | ٩٢٦ | ٤٤٤٦ |



## بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (١):

خشتەی ژمارە (٣٢)
کۆی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی/ بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (١)
(٢٠٢٢ -٢٠٢٥)

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەرمین مەعروف | ٤٠ | ٨٩ | ١٨٠ | ١٣٢ | ٤٤١ |
| ٢ | دارا حەمە ئەحمەد | ١٦ | ٧٠ | ٩٢ | ٨٩ | ٢٦٧ |
| ٣ | ڕێبوار ئەورەحمان | ١٥ | ٧٦ | ٨١ | ١٥ | ١٨٧ |
| ٤ | یادگار محمود | ١٥ | ٥٣ | ٤٧ | ١٥ | ١٣٠ |
| کۆی گشتی | | ٨٦ | ٢٨٨ | ٤٠٠ | ٢٥١ | ١٠٢٥ |



## بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٢):

**خشتەی ژمارە (٣٣)**

**کۆی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی/ بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٢)**
**(٢٠٢٢ -٢٠٢٥)**

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بڕیار ڕەشید شەریف | ٥٧ | ١٥٢ | ٢٠٨ | ١٠٦ | ٥٢٣ |
| ٢ | ئاسۆ فەرەیدون عەلی | ٣٦ | ٨٧ | ٤٨ | ٣٠ | ٢٠١ |
| ٣ | بەدریە ئیبراهیم ڕەشید | ٩ | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٢٩ |
| کۆی گشتی | | ١٠٢ | ٢٥٩ | ٢٥٦ | ١٣٦ | ٧٥٣ |



## بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٣)

**خشتەی ژمارە (٣٤)**
**کۆی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی/ بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٣)**
**(٢٠٢٢ -٢٠٢٥)**

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | موسەننا ئەمین نادر | ٧٣ | ١٣٢ | ١٢٤ | ٧٣ | ٤٠٢ |
| ٢ | چرۆ حەمە شەریف | ٢٦ | ٧٣ | ٨٤ | ٥٠ | ٢٣٣ |
| ٣ | ئاریان عەزیز تاوگۆزی | ٢٧ | ٢٨ | ٣٧ | ١٥ | ١٠٧ |
| | کۆی گشتی | ١٢٦ | ٢٣٣ | ٢٤٥ | ١٣٨ | ٧٤٢ |



# بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٤)

**خشتەی ژمارە (٣٥)**
**کۆی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی/ بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٤)**
**(٢٠٢٢ -٢٠٢٥)**

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سۆران عمر سەعید | ٤٨ | ١٢٢ | ٢١٣ | ٣٢ | ٤١٥ |
| ٢ | غەریب ئەحمەد مصطفى | ٣٨ | ٨٦ | ١٠٢ | ٨٠ | ٣٠٦ |
| ٣ | بەدریە حسێن عەزیز | ٣٢ | ٦٥ | ٦٤ | ٤٠ | ٢٠١ |
| ٤ | سروە عبدالواحد قادر | ٢٣ | ٢٩ | ٥٨ | ٢٠ | ١٣٠ |
| کۆی گشتی | | ١٤١ | ٣٠٢ | ٤٣٧ | ١٦٧ | ١٠٥٢ |



# بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٥)

**خشتەی ژمارە (٣٦)**

**کۆی چالاکییەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی/ بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە (٥)**
**(٢٠٢٢ -٢٠٢٥)**

| ز | نوێنەر | ساڵی یەکەم | ساڵی دووەم | ساڵی سێیەم | ساڵی چوارەم | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سروە محمد رەشید | ٤١ | ٧١ | ١١١ | ٩١ | ٣١٤ |
| ٢ | کاروان عەلی یاروەیس | ٢٧ | ٨٢ | ١٢٠ | ٨١ | ٣١٠ |
| ٣ | شوان محمد رۆستەم | ١٤ | ٣٩ | ٤٨ | ٤٢ | ١٤٣ |
| ٤ | مۆفەق حسین قادر | ٢٢ | ٢٩ | ٤١ | ١٥ | ١٠٧ |
| | کۆی گشتی | ١٠٤ | ٢٢١ | ٣٢٠ | ٢٢٩ | ٨٧٤ |



# بەشی پێنجەم

▪ مژدەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و چاوەڕوانی هاووڵاتیان بۆ بەدیهاتنیان!!!

(٢٠٢٢- ٢٠٢٥)

# مژدەکانی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی و چاوەڕوانی هاووڵاتیان بۆ بەدیهاتنیان!!!

هاووڵاتیان مافی خۆیانە متمانەیان بە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان لاوازبێت، لەم راپۆرتەدا وەک بیرخستنەوەیەک بۆ نوێنەران و بۆ هاووڵاتیانیش چەند نموونەیەک لەو بەڵێن و مژدانەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەماوەی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٥) دووبارە بڵاودەکەینەوە، کە پێش یەکلاییبوونەوە و دەنگدان لەسەریان، مژدەیان بە هاووڵاتیان دەداو وایان لە هاووڵاتیان دەگەیاند کە ئەو بابەتە چارەسەر کراوە، ئەم کارەشیان جۆرێک لە چەواشەکاری و موزایەدە و شکاندنی یەکدی بوو.

هەندێک لە نوێنەران بەمشێوەیە لە دیارترین ئەو بابەتانەی کە لە سۆشیاڵ میدیا و بەشێک لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە مژدەی چارەسەریان بە هاووڵاتیاندا بریتیبوون لە: (گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە و دابەشکردنی مووچە، مانگانە لە کاتی خۆیدا - دابەشکردنی نەوتی سپی لەکاتی خۆیدا بەهەمان نرخی بەغداد...هتد)، کەهەتا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەو کۆتاییهاتنی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەران، کێشەکان چارەسەر نەکران و نەمان بینی تاکە نوێنەرێکیش داوای لێبوردن لە هاووڵاتیان بکات.

## ▪ چارەسەرکردنی کێشەی دواکەوتنی و فەوتانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و دابەشکردنی مووچە مانگانە لە کاتی خۆیدا:

▪ "ئەگەر بە ٦٥ نوێنەر ی کورد و سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیەکان ناتوانین کێشەی موچە چارەسەر بکەین، با پێکەوە دەست

لەکارکێشانەوەمان پێشکەش بکەین و بێینە دەرەوە لەم حکومەت و سیستەمە سیاسیەی ئێستای عێراق".

- " موچەی هەرێم، چارەسەری بنەڕەتی بۆ دەکرێت".
- لەرێگەی سکاڵاکەمانەوە لەدادگای فیدراڵی، کێشەی مووچەخۆرانی هەرێم چارەسەرکرا.
- "لە دەرئەنجامی سکاڵاکەمان و بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بە پابەندکردنی هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان خۆشبەختانە کێشەی مووچەی مووچەخۆران بەرەو چارەسەر دەڕوات".
- "لەم مانگەوە کێشەی مووچەی هاووڵاتیان نامێنێت و هەموو مانگێک لە سەری مانگ مووچە دەدرێت بە هاووڵاتیان وەک هەموو پارێزگاکانی عێراق".

## تەوتینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم

- "هەواڵێکی خۆش و بەپەلە: هەر ئێستا حکومەتی عێراق رازیبوو بە پرۆژەکەمان کە دوای جەژن مووچەخۆران دەتوانن حساب بانکی لە بانکی (TBI) بکەنەوەو لە رێی بانکی (TBI) موچەکانیان بدرێت، ئێستا خۆشبەختانە سەریگرت" .
- "لەمەولا هەر فەرمانبەرێک باوەڕی بە (هەژماری من) نییە ئەوا دەتوانیت دوای جەژن لە بانکی (TBI)حساب بانکی بکاتەوەو لەوێوە موچە وەربگرێت".
- دوابەدوای نوسراومان بەژمارە (....) لە (٢٦/١٠/٢٠٢٤) سەبارەت بە کردنەوەی لقی (بانکی ڕەشید) لە هەرێم، سوپاس بۆ خوا گەیشتینە ئەنجام، بانکی ڕەشید بە نوسراو وەڵامی نوسراومانی دایەوە و ڕەزامەندبون بە کردنەوەی لقی (بانکی ڕەشید) لە سلێمانی.

ئیتر پرسی (تەوطین) هیچ کێشەیەکی لەبەردەمدا نامێنێت و ئەوان ڕێکارە پێویستەکانی جێگیربونیان لەگەڵ حکومەتی خۆجەیی سلێمانی جێبەجێ دەکەن و هاوڵاتیان زۆر بەباشی لەی سودمەند دەبن.

- دژی ڕێگری کردن لە جێبەجێکردنی ( توطین ) موچەی فەرمانبەرانی هەرێم و ناچارکردنی فەرمانبەران بەکردنەوەی ئەژمار لە ئەژماری من لەبانکە ناحکومیەکان..

لە ڕێگەی تیمێکی یاسایی سکاڵای یاسایی لەسەر پرۆژەی ئەژماری من لە دادگای لێکۆڵینەوەی کەرخ تۆمار کرد خۆشبەختانە دادگای لێکۆڵینەوە سکاڵاکەی قبوڵکردو دەستی کردوە بە ڕێکارە یاسایەکانی خۆی .

- **گێڕانەوەی پاشکەوتی مووچە:**

- "ئەمڕۆ پاشەکەوتیش دەگەڕێنینەوە، خۆ ئەگەر لایەنە کوردییەکانی تر وەک دوێنێ بیانوی جۆراو جۆر بۆ ڕێکەوتنی ژێر بەژێری خۆیان بهێننەوە و لەگەڵمان نەبن، ئەوە هەر پاشەکەوت دەگەڕێنینەوە".

- **دابەشکردنی نەوتی سپی لەکاتی خۆیدا و بەهەمان نرخی بەغداد.**

" بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان (محەمەد حەلبوسی) پاڵپشتی داواکارییەکەمانی کردوە کەهەرچی زووەو نەوتی سپی بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکرێت و بەو نرخەی کە بۆ پارێزگاکانی عێراق دابین دەکرێت (واتە بەرمیلی ٣٠ هەزار) دینار. بەپێی ماددەی ١١٢ی دەستور پێویستە لەسەر حکومەتی عێراق پابەندبێت بە پێدانی نەوت بە هاووڵاتیانی کوردستان بە هەمان ئەو بڕو نرخەی دەدرێت بە هاووڵاتیان لە پارێزگاکانی تری عێراق، بەردەوامدەبین تاپابەندکردنی وەزارەتی نەوت بەپێدانی ئەو مافەی هاووڵاتیانی هەرێم".

# پاشكۆكان

# پاشکۆی ژمارە (1)

## خشتەی ژمارە (٣٧)

## لینکی پەڕەی نوێنەرانی پارێزگای سلێمانی لە (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک)

| نوێنەر | بەستەر |
|---|---|
| ئاریان عەزیز ئەحمد | https://www.facebook.com/arian.taugozi |
| ئاسۆ فەریدون عەلی | https://www.facebook.com/asso.faraidoon.ali |
| بریار رشید شریف | https://www.facebook.com/bryarrashidsharif |
| بدریە ابراهیم رشید | https://www.facebook.com/badria.albarazanjy |
| بدریە حسین عزیز | https://www.facebook.com/badriyahajihussein?locale=ar_AR |
| جرو حمە شریف | https://www.facebook.com/profile.php?id=100071912418264 |
| دارا حمە احمد حسن | https://www.facebook.com/DaraSekanyani |
| ریبوار اورحمن | https://www.facebook.com/rebwarawrahmanofficial |
| سروە عبدالواحد | https://www.facebook.com/profile.php?id=100044315535329 |
| سروە محمد رشید | https://www.facebook.com/profile.php?id=100070505903965 |
| سوران عمر سعید | https://www.facebook.com/soranomar6 |
| شوان محمد روستم | https://www.facebook.com/@Shwan.M.Rostam |
| غریب احمد مصطفی | https://www.facebook.com/gharib.a.mustafa |
| کاروان علي یارویس | https://www.facebook.com/karwanyarwais |
| مثنی امین نادر | https://www.facebook.com/Dr.Muthanna.Amin |
| موفق حسین قادر | https://www.facebook.com/Mofaq.Hussein.Qadir |
| نه رمین معروف غفور | https://www.facebook.com/Dr.Narmin.Maruf.Ghafur |
| یادکار محمود نصرالله | https://www.facebook.com/yadgar.mahmoud.5 |

# پاشکۆی ژمارە (٢)

## چەند زانیارییەکی گشتی سەبارەت بە خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق: ٢٠٢١ - ٢٠٢٥

**یەکەم/** ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەران لە (٢٠٢١/١٠/١٠)دا هەڵبژاردنی پێشوەختەی بۆ ئەنجامدرا بە یاسای وەک وەڵامدانەوەیک بۆ ناڕازایەتیەکانی ساڵی (٢٠١٩) کە چەند داواکاریەکیان هەبوو یەک لەوانەش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەو گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردنەکان بوو، هەردوو داواکاریەکەش جێبەکێکران، ئەوەبوو سەرەتا یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠) یاسای هەڵبژادنەکانی عێراق دەرچوێنرا و بەگوێرەی یاساکە عێراق دابەشکرا بۆ (٨٣) بازنەی هەڵبژاردن.

**دووەم/** بەهۆی تانەدان لە ئەنجامی هەڵبژاردن و یەکدی تۆمەتبارکردنی لایەنە بەشداربووەکان بە ئەنجامدانی ساختەکاری، راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان دواکەوت بۆ (٢٠٢١/١١/٣٠) (واتە دوای پەنجا رۆژ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن).

**سێیەم/** گرفتەکان بەردەوامیان هەبوو، بەشێکی لایەنە سیاسییەکان بە ئەنجامەکان رازی نەبوون، تانەی یاساییان پێشکەش بە دادگای فیدراڵی کرد، هەربۆیە یەکەم دانیشتنی خولی پێنجەم لە (٢٠٢٢/١/٩)دا ئەنجامدرا،، پێچەوانەی ماددەی (٥٤) لە دەستووری عێراقی، یەکەم دانیشتنی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەران دوای (٤٠) رۆژ لە پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سازدرا.

**چوارەم/** بەهۆی ئاڵۆزی دۆخی سیاسی عێراق، دەنگدان لەسەر لیژنە هەمیشەییەکانیش دواکەوت بۆ (٢٠٢٢/٥/١١).

**پێنجەم/** بە هۆی خۆپیشاندانەکانەوە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە (٢٠٢٢/٧/٣٠) دانیشتنەکانی ئەنجومەنی تا کاتێکی نادیار هەڵپەسارد.

**شەشەم/** پاش ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان، سەرلەنوێ کارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەستیان پێکردەوە و لە (٢٠٢٢/٩/٢٨)**دا** یەکەم دانیشتن ئەنجامدرا.

**حەوتەم/** لە (٢٠٢٢/١٠/٢٧)دا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق متمانەی بەخشییە کابینەی نوێی حکومەت.

**هەشتەم/** پاش نزیکەی ساڵێک بەسەر لادانی (محەمەد حەلبوسی) سەرۆکی ئەنجومەن لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە، لە (٢٠٢٤/١٠/٣١)دا (ئەنجومەنی نوێنەران) (مەحمود مەشهەدانی)، بە دووەم سەرۆکی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژارد.

**نۆیەم/** خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تەنها (١٤٨) دانیشتنی ئەنجامداوە. لەکاتێکدا بە گوێرەی ماددەی (٢٢) بڕگەی (٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی، دەبێت (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) لە هەر مانگێکدا (٨) دانیشتن ئەنجامبدات.

خشتەی ژمارە (٣٨)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتنەکان |
|---|---|
| ساڵی یەکەم | ٢٧ |
| ساڵی دووەم | ٥٨ |
| ساڵی سێیەم | ٤٧ |
| ساڵی چوارەم | ١٦ |
| سەرجەم | ١٤٨ |

**دەیەم/** لە خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ٦٩ پرۆژە یاسا پەسەندکراون و ١٨٠ پرۆژە یاسای دیکەش چارەنووسیان نادیارە و چاوەڕوان دەکرێت بکەونە خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەران.

لە کۆی ئەو ١٨٠ پرۆژەیاسایەی ماونەتەوە ٤٠ پرۆژە یاسایان ئامادەن بۆ دەنگدان و ١٤٠ پرۆژەیاسای دیکەشیان خوێندنەوەی یەکەم و دووەمیان بۆ کراوە.

خشتەی ژمارە (٣٩)

ئاماری پرۆژە یاساکان لە خولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەراندا

| ز | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | پرۆژە یاسای پەسەندکراو | ٦٩ |
| ٢ | پرۆژە یاسای ماوە | ١٨٠ |
| ٣ | پرۆژە یاسای ئامادە بۆ دەنگدان | ٤٠ |
| ٤ | ئەو پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەیان بۆ کراوە | ١٤٠ |

**یانزەیەم/** لە خولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٦٩) پرۆژە یاسا پەسەندکراون، دەنگدان بەیاساکان بەگوێرەی ساڵەکان بەمشێوەیە لایخوارەوەیە، کە لە ساڵی یەکەمی خولەکەدا کەمترین یاسای تێدا پەسەندکراوەوە دووەمی خولەکەش زۆرترین یاسای تێدا پەسەندکراوە.

خشتەی ژمارە (٤٠)

ئەو یاسایانەی لە خولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەراندا پەسەندکراون

| ساڵ | ژمارەی ئەو یاسایانەی پەسەندکراون |
|---|---|
| ساڵی یەکەم | ٢ |
| ساڵی دووەم | ٣٥ |
| ساڵی سێیەم | ٢١ |
| ساڵی چوارەم | ١١ |

**دوانزەیەم/** کۆی ئەو یاسایانەی کە لەم خولەدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگیپێداون، بەسەر چوار بواردا دابەشدەکرێن، کەبریتین لە:

خشتەی ژمارە (٤١)

بوارەکانی ئەو یاسایانەی لە خولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەراندا پەسەندکراون

| ز | یاساکان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | یاساکانی ڕێکخستن (القوانين التنظيمية)* | ١٨ |
| ٢ | هەمواری یاساکان | ٢٧ |
| ٣ | پەیماننامەو ڕێککەوتنەکان | ٢٣ |
| ٤ | هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکان | ١ |

* یاساکانی ڕێکخستن (القوانين التنظيمية) : ئەو بوارە تایبەتانە دەگرێتەوە کە لە دەستووردا ئاماژەی پێکراوە، وەک ڕێکخستنی کاری پەرلەمان، حکومەت، دادگای دەستووری، پارتە سیاسییەکان، هەڵبژاردن.

**سیانزەیەم/** بەراوردی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە خولەکانی رابردوو.

خشتەی ژمارە (٤٢)

بەراوردی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە خولەکانی رابردوو

| ز | بابەت | خولی دووەم | خولی سێیەم | خولی چوارەم | خولی پێنجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکان | ٢٥٢ | ٢٧٢ | ١٥٢ | ١٤٨ |
| ٢ | خوێندنەوەی یەکەمی یاساکان | ٣٢٣ | ٣٢٦ | ١٧٤ | ١٧٥ |
| ٣ | خوێندنەوەی دووەمی یاساکان | ٢٦٧ | ٢٤٢ | ١٢٩ | ١١٦ |
| ٤ | یاسا پەسەندکراوەکان | ٢١٦ | ١٦٤ | ٩١ | ٦٩ |
| ٥ | میوانداری | ٠ | ٥٤ | ١٢ | ١٠ |
| ٦ | تێکڕای ئامادەبوون لە دانیشتنەکاندا | ٢٣٢ | ٢١٢ | ٢٠٣ | ١٧٣ |
| ٧ | کاتژمێرەکانی کارکردن | ٩٩٣.٨٥ | ٨١٩.٣ | ٤٢٨.٤٦ | ٢٩٤٠٤٢ |
| ٨ | پرسیاری زارەکی | ٠ | ١٦ | ٥ | ٢ |
| ٩ | پرساندن | ٣ | ١٠ | ١ | ٢ |

بۆ پاشکۆی ژمارە (٢) سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراون : (پێگەی ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێگەی ئەلیکترۆنی دامەزراوەی مەدارک، کەناڵەکانی راگەیاندن)

# پاشکۆی ژمارە (٣)

## پاشکۆی تایبەت بە چاودێریکردنی کارنامەو بەڵێنی لیستەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

### یەکەم/ چەند زانیاریەکی گشتی لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی شەشەم.

١. پێناسەی بانگەشەی هەڵبژاردن: لەسادەترین پێناسەیدا، بانگەشەی هەڵبژاردن بریتییەلە: کۆمەڵێک چالاکیی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراو کە کاندیدێک یان لایەنێک لە ماوەی دیاریکراوی هەڵمەتی بانگەشەدا ئەنجامی دەدەن، بە ئامانجی بڕواپێکردنی دەنگدەران بە کارنامەو بەڵێنەکانیان، بەئامانجی بەدەستهێنانی دەنگەکانیان لە ڕۆژی هەڵبژاردندا.

٢. بەرەبەیانی (٢٠٢٥/١٠/٣) بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستپێکرد و هەتاکو (٢٠٢٥/١١/٨) بەردەوام بوو، واتە هەڵمەتەکە بۆ ماوەی (٣٦) ڕۆژ بەردەوام بوو.

٣. کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناوی (٧٧٦٨) کاندیدی بۆ ڕکابەری لەهەڵبژاردنەدا پەسەندکرد.

٤. ژمارەی کاندیدە دوورخراوەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گەیشتە (٨٣٧) کاندید، لەو ژمارەیە (١٨٣) کاندیدیان لەلایەن حیزب یان هاوپەیمانیەکانەوە لابراون، هەروەها (٢٩٣) کاندید بەهۆی لێپرسینەوە و ڕێکارەکانی دادپەروەرییەوە دوورخراونەتەوە." هەروەها، (١١) کاندیدیش بەهۆی بەڵگەنامەی پەروەردەیی ساختەوە دوورخراونەتەوە و پێنج حاڵەتی مردنیش لەناو کاندیدەکاندا تۆمارکرا.

## دووەم/بانگەشەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی

لە بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانیدا، بەشێوەیەکی گشتی، بانگەشەی ئەم ساڵ ساردو سڕی پێوە دیار بوو، ئەوەی تێبینی دەکرا، هاووڵاتیان ئەو جۆشوخرۆشەی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پێشوویان نەبوو، بێگومان چەند هۆکارێک لەپشت ئەم ساردییەی هاووڵاتیانەوە هەبوو، لەوانەش:

١. نەبوونی متمانە بە پرۆسەی سیاسی.
٢. جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەکانی خولەکانی رابردوو.
٣. پەکخستنی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستان (پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان) ئەمانە هۆکار بوون بۆ بێ متمانەیی هاووڵاتیان بەو دامەزراوانە.
٤. گرفت و کێشە ناوخۆییەکانی حیزبە سیاسیەکان.
٥. لاوازی هەندێک لە کاندیدەکان.

یەکێک لەهەرە سیما ناشیرینرکانی ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن، دڕاندن و شێواندنی وێنەی کاندیدەکان بوو.

لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگدان و دوای راگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکان، هەندێک لە کاندیدەکان، رایانگەیاند کە کڕینی دەنگ لەپرۆسەکەدا هەبووەو زۆرێک لە دەنگەکانمان کڕدراون.

## سێیەم/ کاندیدان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی

پارێزگای سلێمانی به (١٣٦) كاندید بەشداری كێبڕكێ بردنەوەی (١٨) كورسی پارێزگاكە كرد، وەک لە خشتەكەدا ڕوونكراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٤٣)

| ز | جۆر | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | پارتە سیاسیە بەشداربووەکان | ٩ |
| ٢ | کاندیدی تاکەکەسی | ٤ |
| ٣ | ڕەگەزی نێر | ٩٩ |
| ٤ | ڕەگەزی مێ | ٣٧ |

## چوارەم/ کۆی گشتی کاندیدان بەگوێرەی لیستەکان

خشتەی ژمارە (٤٤)

| ز | لایەن | کۆی کاندیدان | نێر | مێ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٣٦ | ٢٦ | ١٠ |
| ٢ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٦ | ٢٧ | ٩ |
| ٣ | ڕەوتی هەڵوێست | ١٦ | ١٢ | ٤ |
| ٤ | جوڵانەوەی نەوەی نوێ | ١٢ | ٨ | ٤ |
| ٥ | بەرەی گەلەکەمان | ١١ | ٧ | ٤ |
| ٦ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٨ | ٦ | ٢ |
| ٧ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٥ | ٣ | ٢ |
| ٨ | پارتی سۆسیالیستی کوردستان | ٤ | ٣ | ١ |
| ٩ | بەرەی تورکمانی عێراقی | ٤ | ٣ | ١ |
| کۆی گشتی | | ١٣٢ | ٩٥ | ٣٧ |

## پێنجەم/ بڕوانامەی کاندیدانی لیستەکان و کاندیدانی سەربەخۆ

بڕوانامەی كاندیدانی پارێزگای سلێمانی، لە كۆی (١٣٦) كاندید بۆ هەڵبژاردنەكانی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بڕوانامەی كاندیدان بەمشێوەیەی لایخوارەوەبوو:

خشتەی ژمارە (٤٥)
بڕوانامەی کاندیدانی لیستەکان و کاندیدانی سەربەخۆ

| لیست/ سەربەخۆ | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | دبلۆم | ئامادەیی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٦ | ٣ | ٢٢ | ٢ | ٣ | ٣٦ |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٦ | ٥ | ١٨ | ٧ | ٠ | ٣٦ |
| ڕەوتی هەڵوێست | ٣ | ١ | ٩ | ٣ | ٠ | ١٦ |
| جوڵانەوەی نەوەی نوێ | ٠ | ٠ | ١٠ | ٢ | ٠ | ١٢ |
| بەرەی گەلەکەمان | ٢ | ١ | ٥ | ٢ | ١ | ١١ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١ | ٢ | ٥ | ٠ | ٠ | ٨ |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٠ | ٠ | ٣ | ٢ | ٠ | ٥ |
| پارتی سۆسیالیستی کوردستان | ١ | ٠ | ٣ | ٠ | ٠ | ٤ |
| بەرەی تورکمانی عێراقی | ٠ | ٠ | ٤ | ٠ | ٠ | ٤ |
| دکتۆر دڵشاد محمد | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| کاوە لطیف علي داود | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| ئاکام عبدالله توفیق | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| هاوار مصطفی عباس | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ١٢ | ٨٢ | ١٨ | ٤ | ١٣٦ |

## شەشەم/ ژمارەو بڕوانامەی کاندیدانی ڕەگەزی مێ.

لە کۆی (١٣٦) کاندیدی بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای سلێمانی بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، (٣٧) کاندیدیان لە ڕەگەزی (مێ)بوون بەمشێوەیەی لایخوارەوە بەسەر لایەنە سیاسیەکاندا دابەشبوون:

خشتەی ژمارە (٤٦)

بڕوانامەی کاندیدانی ڕەگەزی مێ

| لایەن | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | دبلۆم | ئامادەیی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٣ | ١ | ٤ | ٠ | ٢ | ١٠ |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢ | ٢ | ٤ | ١ | ٠ | ٩ |
| ڕەوتی هەڵوێست | ٠ | ١ | ١ | ٢ | ٠ | ٤ |
| نەوەی نوێ | ٠ | ١ | ١ | ٢ | ٠ | ٤ |
| بەرەی گەلەکەمان | ١ | ١ | ٢ | ٠ | ٠ | ٤ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٠ | ٠ | ٢ | ٠ | ٠ | ٢ |
| کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٠ | ٢ |
| پارتی سۆسیالیستی کوردستان | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| بەرەی تورکمانی عێراقی | ٠ | ٠ | ١ | ٠ | ٠ | ١ |
| کۆ | ٦ | ٦ | ١٧ | ٦ | ٢ | ٣٧ |

## حەوتەم/ کاندیدانی دووبارە

لە کۆی (١٣٦) کاندید بۆ هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، (٢١) کاندید لە ساڵانی رابردوودا، بوونەتە ئەندامی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی).

دووبارە کاندیدکردنەوە دیاردەیەکی تەندروستە لەکاتێکدا کە:

1 . ئەگەر نوێنەرەکە لە خولەکانی پێشوودا لانیکەم نیوەی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی جێبەجێکردبێت.

2. ئەگەر نوێنەرەکە لە خولەکانی پێشوودا، بە بەجێهێشتنی ئەنجومەنەکەی بۆشاییەکی دروست کردبێت.
3. ئەگەر نوێنەرەکە لە خولەکانی پێشوودا جێگە دەستی دیاربووبێت و لانیکەم گرفتە سەرەکییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکەی لە پرۆسەی یاساداناندا جێکردبێتەوە.

بەڵام ئەوەی لەم هەڵبژارنەی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق بینرا، هۆکاری دووبارە کاندیدکردنەوەکان، بۆ زیاتر بۆ قەیرانی کادری لێهاتوو لە نێوان حیزبەکاندا دەگەڕایەوە، نەک زەرورەتی هەڵبژاردنەوەی هەمان کاندید بۆ خولێکی دیکەی ئەنجومەنە هەڵبژێرداوەکان.

خشتەی ژمارە (٤٧)

کاندیدانی دووبارە بەگوێرەی لیستەکان

| ز | لایەن | کاندیدی دووبارە |
|---|---|---|
| ١ | جوڵانەوەی نەوەی نوێ | ٥ |
| ٢ | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ٤ |
| ٣ | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣ |
| ٤ | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٣ |
| ٥ | ڕەوتی هەڵوێست | ٢ |
| ٦ | بەرەی گەلەکەمان | ٢ |
| ٧ | کۆمەڵی دادگەری کوردستان | ١ |
| ٨ | پارتی سۆسیالیستی کوردستان | ١ |
| ٩ | بەرەی تورکمانی عێراقی | ٠ |
| | سەرجەم | ٢١ |

## هەشتەم/ لیستی ناوی کاندیدە دووبارەکان

### لیستی جوڵانەوەی نەوەی نوێ:

| ز | کاندید | ئەندامێتی لەخولەکانی پێشووی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان |
|---|---|---|
| ١ | سروە عبدالواحد | ئەندامی خولەکانی (٣) و (٤)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |
| ٢ | ریبوار اورحمن | ئەندامی خولی (٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |
| ٣ | موفق حسين قادر | ئەندامی خولی (٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |
| ٤ | ئاریان عزیز تاوگۆزی | ئەندامی خولی (٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |
| ٥ | مژدە محمود محمد | ئەندامی خولی (٥)ی پەرلەمانی کوردستان |

### لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

| ز | کاندید | ئەندامێتی لەخولەکانی پێشووی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان |
|---|---|---|
| ١ | غريب احمد | ئەندامی خولی (٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |
| ٢ | نه رمين معروف | ئەندامی خولی (٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |
| ٣ | بريار رشيد شريف | ئەندامی خولی (٥)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق |
